# رۆڵی تەکنیکی ( خەون و فانتازیا ) لە بنیاتی داستانی فۆلکلۆری کوردیدا

م. کەیفی ئەحمەد
زانکۆی کۆیە
فاکەڵتی پەروەردە - بەشی زمانی کوردی

پ.د. هیمداد حسێن بکر
زانکۆی سەلاحەددین
کۆلێژی پەروەردە- بەشی کوردی

## پێشەکی

پرۆسەی گێڕانەوەی زارەکی و نووسراو دوو کار و کردارن کە لەرێگەیەوە کەسانێك ئەو زانیاریی و سەربردە و کارەسات و رووداوانەی کە لە رابردوودا روویانداوە, یان لەوانەیە رووبدەن یان لەبیر و خەیاڵ و ئەندێشەی خۆیاندا دروستیان کردووە و یان دروستی دەکەن, بۆ خەڵکی دەخەنە روو و بۆیان دەگێڕنەوە, بەشێوەیەکی هونەریی و ئەدەبی و لۆژیکی و گونجاو سەرنج راکیش و نەخشە بۆکێشراو, بۆ ئەوەی وا لەگوێگر و بینەر و خوێنەران بکات, کە گرنگی بە بابەتەکەی بدەن و تاکۆتایی لەگەڵی بمێننەوە و گوێی لێبگرن, ئەو پرۆسەیەش بەهۆی چەندین ئامراز و هۆکارەوە بۆ گوێگر و بینەر و خوێنەر دەگوازرێتەوە, کە دابەشدەبن بۆ دوو جۆر, یەکەمیان توخمە سەرەکی و ناسەرەکییەکانی نێودەقەکانن, دووەمیشیان تەکنیکەکانی گێڕانەوەی بابەتەکەن. ئەوانیش بەپێی جۆری کارە ئەدەبییەکە دەگۆڕێن, لە هەندێ جۆردا, جۆرە تەکنیکێك دەبێتە سەرەکی, کەچی لە جۆرێکی تردا هەر ئەو تەکنیکە ڕیزبەندییەکەی خۆی دەگۆڕێت و دەچێتە دواوە و تەکنیکێکی تر دێتە پێشەوە و دەبێتە سەرەکی, دیارە ئەو تەکنیکانەش لە چەندین نووسین و لێکۆڵینەوە و وتاری ئەدەبیدا باسیان لێوەکراوە, بەڵام ئەوەی کەمتر باسیلێوەکراوە, بەتایبەتیش لەنێو داستانە فۆلکلۆرییەکاندا, هەردوو تەکنیکی ( خەون و فانتازی)یە, کە ئەو دوو تەکنیکە زۆر لەیەکترییەوە نزیکن و لەزۆر کات و شوێندا تێکەڵ بە یەکتری دەبن, بەڵام لەهەمان کاتیشدا هەریەکەیان سروشت و تایبەتمەندی خۆی هەیە.

داستانە فۆلکلۆرییەکان بەشێوەیەکی بەرفراوان لە گێڕانەوەی بابەتەکانیاندا پشتیان بەو دوو تەکنیکە بەستووە, بەجۆرێك بەدەگمەن داستانێکی فۆلکلۆری بەرچاو دەکەوێت, کە بێبەش بێت لەو دوو تەکنیکە, بەڵکو هەر بەرچاو ناکەوێت, چونکە لە بنیاتنانی توخم و

تەکنیکەکاندا بەشێوەی سەرەکی پشت بەو دوو تەکنیکە بەستراوە, لەبەرئەوەی بنیاتی هەر دەقێکی ئەدەبی بریتییە لە شێوە یان وێنەی دەرەوە و ناوەوەی دەقەکە, کە توخمەکانی بەشێوەیەکی لۆژیکی بەیەکتریەوە گرێدراون, کە بنیاتێکی تەواو و پتەوی لەسەر دادەمەزرێت, کە خاوەنی روخسار و تایبەتمەندی تایبەت بەخۆی بێت, لەهەر بنیاتێکیشدا شتی جێگیر و گۆڕا و هەیە, شتە بۆماوە و بە میرات هاتووەکان بریتیین لە شتە جێگیرەکان لە بنیاتی هونەریی دەقەکەدا, بەلام ناسەرەکی و تایبەتییەکان بریتیین لە گۆڕاوەکان, کە بەپێی جۆری دەقی ئەدەبییەکە دەگۆڕێت, هەتا لەیەك جۆریشدا جیاوازی هەیە, وەك ئەوەی دەڵێن بنیاتێکی پتەوی یەکگرتوو یان بنیاتێکی لاواز و هەڵوەشاوە یان بنیاتێکی زیندوو یان وەستاو مردو یان بنیاتێکی روون و ئاشکرا یان بنیاتێکی تەمومژاوی و ...تاد, هەیە.

دیاری هەموو ئەمانەش بۆ سەلیقە و شێواز و ئاستی زیرەکی و داهێنەرانەی نووسەر و گێڕەرەوەکان دەگەڕێتەوە, چونکە هەندێکیان لە هەندێکی تر بەسەلیقەو زیرەکترن لە جۆرو چۆنێتی بەکارهێنانی ئەو تەکنیکانەدا, کە لە ئەنجامدا دەبێتە مایەی بەرهەم هێنانی, بەرهەمێکی نەمر و ناوازە و دەگمەن, کە بەهۆی دروستی بەکار هێنانی ئەو تەکنیکانەوە دەبێتە خاوەنی بنیاتێکی پتەو و نەمر و زیندوو. هەر لەو روانگەیەشەوە ئێمە لێکۆڵینەوەکەمان ئەنجامداوە, بۆ ئەوەی باسی گرنگی و رۆڵی ئەو دوو تەکنیکە بکەینە لە بنیاتی داستانە فۆلکلۆرییەکاندا.

سنووری لێکۆڵینەوەکە لەڕووی بابەتەوە سنووردارمان کردووە، تەنها باسی داستانە فۆلکلۆرییە کوردییەکانما کردووە و بەلای داستانە ئەدەبییە نوسراوەکاندا نەچووین, هەروەها لەنێو تەکنیکەکانیشدا تەنها هەردوو تەکنیکی (خەون و فانتازیا)مان هەڵبژاردووە و قسەمان لەسەر کردووە, کەدوو تەکنیکی بەرچاو و گرنگی پرۆسەی گێڕنەوەی دەقە فۆلکلۆرییەکانن.

ئامانجی لێکۆلینەوەکەمان ئەوەیە کە ئەوە بسەلمێنین و بخەینەروو کە تا چەند تەکنیکی (خەون و فانتازیی) رۆڵیان بینوە لە بنیاتنانی توخمەکانی داستاندا هەروەها تاچەند ئەو دوو تەکنیکە بوونەتە مایەی سەرکەوتنی گێڕانەوەی داستانەکان, تاچەندیش گێڕەرەوەکان پەنایان بردووە بۆ ئەو دوو تەکنیکە و بوونەتە مایەی بنیاتێکی پتەوی دەقەکە.

لێکۆڵەر هەردەم بەدوای ڕێباز و میتۆدێکدا دەگەڕێت کە لەگەڵ بابەتەکەیدا بگونجێت، ئەم بابەتەش بۆ ئەوەی لەسەر بنەمایەکی زانستی ئەکادیمی بەڕێوە بچێت، ئێمە دوو جۆر میتۆدمان بەکارهێناوە ئەویش میتۆدی (وەسفی و شیکاریی)ە.

لێکۆڵینەوەکە لە پێشـەکی و ئـەنجام و سەرچـاوەکان و نـاوەڕۆکی باسـەکە پێکهـاتوە. لـە پێشەکیدا کورتـەی باسـەکە و سـنووری لێکۆڵینەوەکـە و ئامـانجی لێکۆڵینەوەکـە و میتـۆدی لێکۆڵینەوەکەمان باسکردوە. پاشـان نـاوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکـە خراوەتـەروو کـە پێکـدێت لـە دووبەش. لە بەشی یەکەمدا بـاس لـە تـەکنیکی (خـەون) کـراوە, دوای پێشـەکییەکی تیـۆری هاتووینەتە سەر لایەنی پراکتیکی, ئەویش بە نموونـە هێنانـەوە شـیکردنەوەی نموونـەکانی نێـو هەندێ داستانی فۆللۆری کوردی. بەشی دووەمیش تەرخانکراوە بـۆ قسـەکردن و شـیکردنەوەی تـەکنیکی فانتازیـا, کەبەهـەمان شـێوەی بەشـی یەکـەم جێبـەجێ کـراوە. لەکۆتایشـدا ئـەو ئەنجامانەی کە لە میانی ئەو کورتە لێکۆڵینەوەدا پێگەیشـتووین لەگـەڵ لیسـتی سەرچـاوەکان خراونەتە روو.

## بەشی یەکەم: خەون

خەون هەر لەسەرەتـای ژیـانی مرۆڤـدا شـوێن و پێگـەی خـۆی لـەسـەر بـیرو هـزری مـرۆڤ جێهێشتووە، ئەمەش زیاتر لەو بەرهەمە کۆن و سەرەتاییانەی مرۆڤدا ڕەنگییانـداوەتـەوە، کـە ڕەنگدانەوەی واقیعـی ژیـان و بیرکردنـەوەی مرۆڤـی سـەرەتـایی بـووە، بـۆ نموونـە ئـەفسـانە سەرەتاییەکان پڕن لە خەون و خەوبینین، هەروەها کتێبە پیرۆز و داستانە کۆنەکانیش بەهەمان شێوەن، خەون لە ئەدەبی کۆنی گەلانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و ئەوروپادا بەدیار دەکەوێت، وەکـو لە ئەفسانەی (گلگامێش) و حیکایەتەکانی ( فیرعەون) و لە هەردوو بەرهەمە بەناوبانگەکـەی (ئەلیادە و ئۆدیسە)ی (هۆمیرۆس)و هەروەها لە حیکایەتەکـانی( هـەزار و یەکشـەوە)دا خـەون پێگەیەکی گەورە و یەکلاکەرەوە دەبینێت، هەروەها داستانی( کۆمیدیای یەزدانی)ی دانتی بە خەونێکی درێژی نووسەرەکە دادەنرێت. ( قزع, ٢٠١٢),خەون بریتییە لە زنجیرەیەك خـەیاڵکردن و وێناکردن، کە لەکاتی خەوتن(نوستن)دا ڕوودەدات، خەونەکانیش جیاوازییان هـەیـە، لـەڕووی یەکانگیریی و دروستی و لۆژیکی لە یەکتری جیادەکرێنەوە، لەبارەی لێکدانەوە و شـیکردنەوەی خەون چەندین تیۆر و بیردۆز خراونەتە روو، لـەو بـارەوە زانـای دەروونناسی(سـیگمۆند فرۆیـد) دەڵێت: خەونەکان بریتیین لەو ئامرازانەی کە دەروونی مرۆڤ پەنای بۆ دەبات، بۆ تێرکردنی حـەز و ئارەزووە سەرکوتکراوەکان(کبت)، بەتایبەتی ئەوانەی کە تێرکردنیان ئەسـتەم و قورسـە لـە ژیانی ڕاستەقینە و واقیعیدا، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو، خەون زۆ ر کاریگەریی هەبـووە لـە شارستانییەتە کۆنەکاندا، وەکو شارستانییەتی (سۆمەری و فیرعـەونـی)، هـەروەهـا گریـك و ڕۆمانییەکان، خەون بەشێوەیەکی گشتیی دیارییێکە یان پەیامێکـە لـە خـوداوە بـۆ مـرۆڤ، بـۆ

ئەوەی لە کاتی خەوتن شتەکان بۆ مرۆڤ ئاشکرا و روون بکاتەوە و زانیارییەکان لە مێشکیدا بچەسپێنێت، هەتا لە داهاتوودا سوودی لێوەربگرێت. (ویکیبیدیا, ٢٠١٥: https://ar.wikipedia.org/wiki/)

زانایانی بواری ئاینیی پیرۆزی ئیسلامیش گرنگییان بە راڤە و لێکدانەوەی خەونەکان داوە، وەکو( ئیبن خەلدون و محەمەد بن سیرین)، چونکە خەون بەشێوەیەکی گشتی پێویستییەك بووە لە ژیانی پێغەمبەران و نێردراوانی خودا لەلایەك، هەروەها لە ژیانی پاڵەوانانی حیکایەت و ئەفسانە و داستان و سەربردەی قارەمانان لەلایەکی ترەوە، لەبەرئەوەیە کە زانستی لێکدانەوەی خەونەکان بە زانستێکی پێویست و پیرۆز دانراوە و سەیرکراوە.(حليفي, ٢٠٠٦: ٤١٠), هەروەها ئایینە پیرۆزەکانی ئاسمانیی هەموویان ئاوڕیان لە خەون داوەتەوە و باسیان لێوەکردووە، بۆ نموونە هەر لە سەردەمی پێغەمبەر (یوسف)دا ، کاتێ کە خەون دەبینێت و بۆ باوکی دەگێڕێتەوە، بەڵام باوکی پێی دەڵێت خەونەکەت بۆ براکانت مەگێڕەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت کە باوکیشی بڕوای بە خەون و هاتنەدی خەون هەبووە، بۆیە پێی گوتووە کە خەونەکەی بۆ براکانی نەگێڕێتەوە. یان ئەو خەونەی کە فیرعەون دەیبینێ و بە هیچ زانایەکی ئەو سەردەم کە لەسەر ئاینی بتپەرستی بوون شینەکراوەتەوە بۆیان، هەتا (یوسف) هاتووە راڤەی خەونەکەی بۆ فیرعەون و داروەدەستەکەی کردووە، هەروەها خەونی باوکی پێغەمبەران (ئیبراهیم خەلیل)، کە لە خەونەکەیدا خودا فەرمانی پێدەکات کە (ئیسماعیل)ی کوڕی بکاتە قوربانی، بەیانی کە بەخەبەردێت و خەونەکەی بۆ کورەکەی دەگێڕێتەوە، ئەویش پێی دەڵێت فەرمانی خودا جێبەجێ بکە و من ئامادەم بۆ ئەو تاقیکردنەوە خوداییە...تاد، ئەمانەش هەمووی لە قورئانی پیرۆزدا بۆ پێغەمبەر(د.خ) باسکراون، کە ئاماژە و گوزارشتێکی روون و ئاشکرایە بۆ ئەوەی بڕوای بە خەون و دەرئەنجامەکانی هەبێت، چونکە خەون وەك ئیلهام پەیامێکی ناراستەوخۆیە لەلایەن خوداوە بۆ پێغەمبەران و بنەمایەکی راستی و واقیعی تێدایە. ئەو شتانەی کەباسمان کردن و لێی دواین هەر هەموویان شتانێکی نادیار و تەمومژاوی و ناروونن، کە لەژیانی ئاساییدا مرۆڤ ناتوانێت باسیان لێوەبکات و بۆ خەڵکی تری باس بکات، چونکە لەوانەیە بە کەسێکی نائاسایی و ناکامڵ و کەم ئەقڵی بزانن، هەر لەو روانگەیەوە دەتوانێ بڵێین کە تەکنیکی (( خەون گەڕانە بەدوای نهێنییەکان و ئاشکراکردنیان)) .( دەشتی و ئیسماعیل, ٢٠١٥: ٢١)

لەبواری ئەدەبیشدا خەون وەکو بنیاتێکی گرنگ پشتی پێدەبەسترێت بۆ بنیاتنانی دەقە ئەدەبییەکان و گەیاندن و گواستنەوەیان بۆ وەرگرەکانیان، لەنێو ئەو دەقە ئەدەبییانەشدا

داستانەکان زۆر گرنگییان بە خەون داوە، بۆ بنیاتنانی رووداو و پاڵەوان و ململانێکان، هەر لە یەکەم داستاندا، کە داستانی (گلگامێش)ە، گرنگی بەو تەکنیکە دراوە، ئەمەش لەسەر ئەو بیروباوەڕە هەڵچنراوە، کە خەڵکی ئەو سەردەمی وڵاتی نێوان دوو روبارەکە هەیانبووە، بەتایبەتی لەبارەی خەونەوە، کە وەکو ئامرازێك بەکارهاتووە و سەیری کراوە، بۆ ئاشکراکردن و دەستنیشانکردنی داهاتوو، هەر بۆیە لە داستانی (گلگامێش)دا، خەون پێگەیێکی گەورە و فراوانی هەیە، لە حەوت شوێن و کاتی جیاوازدا بەکارهاتووە، کە چواریان خەونی (گلگامێش) و دوو خەونی (ئەنکیدۆ) و یەك خەونی(تونیشتم)ە، ئەمەش زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تەکنیکی (گفتوگۆ) ئەرك و رۆڵێکی گرنگ و فراوان دەبینێت لە بنیاتنانی داستاندا، دیارە خەونیش بەشێکی گەورەی گفتوگۆکانی پاڵەوانەکان پێکدێنێت لە بابەتی داستانەکاندا، دەتوانین بڵێین کە خەون وەکو تەکنیکێکی گرنگ و کاریگەر رۆڵی بینیوە لە گەشەکردنی رووداوەکانی داستانی(گلگامێش)دا. (الجابری, http://www.mesopot.com/old/adad7/11.htm) هەروەها لەشێوازی پێشکەشکردن و بەرجەستەکردنی رووداوەکاندا، بەشێوەیەکە رۆڵی خەون لە داستان و کاریگەریی لە بنیاتنانی دەقەکەدا گەیوەتە ئاستی گرنگی کەسێتییەکان، لەبارەی پێگەی لە کارایی و بنیاتنانیدا ، بۆ ئەوەی دەقێکی تەواوی بێخەوش بەرهەم بێت. هەروەك چۆن هەموو بابەت و کارێکی زانستی و ئەدەبی و ئایینی جیاوازی لەنێوانیاندا هەیە, ناتوانرێت هەمووی بە یەك چاو سەیربکرێت و لە یەك قالب و چوار چێوەدا کۆبکرێنەوە، بەهەمان شێوە خەونەکانیش یەك جۆر و شێوەنین، بەڵکو بۆ دوو جۆر یان کۆمەڵە دابەشدەکرێن، بەو جۆرەش لەیەکتری جیادەکرێنەوە و لەسەر ئەو بنەمایەش لێکدانەوەیان بۆ دەکرێت، جۆری یەکەم پێی دەڵێن (**الرؤيا**) کە بریتیین لەو خەونانەی کە لەخوداوەن و پەیامێکە لەوەوە بۆ مرۆڤ، بەڵام جۆری دووەم ( الحلم)یان پێدەڵێن، کە ئەوانیش بریتیین لەو خەونانەی کە لەلایەن شەیتانەوەن و لەوە سەرچاوەیان گرتوە، هەر لەسەر ئەو بنەمایەشە کە لایەنی چاکە و خرابەی هەردوو جۆرەکە دیارییکراوە بە پێی لێکدانەوەی شارەزایانی ئەو بوارە، چونکە جۆری یەکەم هەموو ئەو خەونانە دەگرێتەوە کە خێر و خۆشی بۆ مرۆڤ دێنن، بەڵام جۆری دووەم لەلایەن شەیتانەوەن و دیارە ئەوانیش شەڕو ئاشوب و ناخۆشییان بەدواوەیە بۆ مرۆڤایەتی . (حليفي, ٢٠٠٦: ٤١٤).

دیارە جیهانی خەون زۆر جیاوازی هەیە لە جیهانی واقیعی، بۆیە ناتوانرێت شتەکان دەقاو دەق لێکبدرێنەوە و شیبکرێنەوە، بۆیە زۆرجار شتەکان پێچەوانەی راستییەکانن, بۆ نموونە کاتێ

یەكێك لە خەوندا بمرێت والێكدەدرێتەوە كە تەمەنی نوێ دەبێتەوە و تەمەنی درێژدەبێت، بەڵام كاتێ لەخەوندا كەسێك ژن بینێت و ئاهەنگ و خۆشی بگێرێت ئەوە نیشانەی كارەسات و مەرگە، هەروەها گریان لەخەوندا نیشانەی خۆشییە، هەتا لەنێو جۆری گریانەكانیشدا جیاوازی هەیە بۆ نموونە گریانی بێدەنگ باشە و گریانی بەدەنگ و هاوار خرابە، پێكەنینیش نیشانەی ماتەم ناخۆشییە، لەبەر ئەوە خەون ئامرازێكە بۆ زانین و دۆزینەوە، ئاگادار بوون لەو كارانەی كە لەداهاتوودا دێنە رێگەی مرۆڤ، كەسانی شارەزا و پسپۆری بوارەكە دەتوانن گوزارشت و لێكدانەوە بۆ رەمز و هێماكان بكەن و كۆدەكان بكەنەوە، هەموو كەسێكیش ناتوانێ ئەم كارە بكات، چونكە خەڵكانێك هەن كە بەو بوار و كارەوە سەرقاڵن و لەو بوارەدا شارەزاییان پەیداكردوە و تایبەتمەندییان تێدا بەدەستهێناوە، ئەم كارەشیان پشت ئەستورە بەوەی كە زانستێكەو یاساو دەستور و بنەمای خۆی هەیە، لە شەریعەتدا و جیاوازە لە كاری كاهینەكانی پێشان و فاڵ و جادو و زانستی غەیبیی، هەروەها پشت ئەستورە بەوەی كە خەون لە ژیانی هەموو پێغەمبەرانـدا بوونی هەبووە، لە ئادەمەوە تا دوایین پێغەمبەر محەمەد(د.خ). (حلیفي, ٢٠٠٦: ٤٠٩), هەموویان لەمیانی راگەیاندنی پەیامەكەیاندا لەقۆناغێك یان بەشێك لە پەیامەكەیان پشتیان بە خەون بەستوە، كە لەلایەن خوداوە وەكو ئیلهام و خور پەیەكی ناراستەوخۆ بۆیان هاتووە.

خەون لەنێو كولتورو رۆشنبیریی كۆنی مرۆڤدا پێگەیێكی گەورەی بۆ خۆی گرتووە و داگیركردووە، هەر لەوێشەوە خۆی كوتاوەتە نێو كار و بەرهەمە فۆلكلۆرییەكان، چونكە ئەو بوارە سەر چاوەی لە كولتور و داب و نەریتی كۆمەڵگە مرۆییەكان گرتووە، هەر بۆیە هەموو بەرهەمە فۆلكلۆرییەكان پرن لە خەون و خەیاڵ و ئەندێشەی لۆژیكی و نا لۆژیكی, بەدەگمەن بەرهەمێكی فۆلكلۆری بەر چاو دەكەوێت كە خاڵی بێت لە خەون، چونكە(( خەون وەك ئامرازێكی دیار لە زۆربەی دەقە فۆلكلۆرییەكان بەكارهێنراوە، لەگەڵ روودانی هەر كارەساتێك، خۆشەویستانی ئەوان كەسان خەون دەبینن، لێرەشدا چەندین جار ((خەون)) وەك گەیاندنی هەواڵ بەشوێنی مەبەست و بارە سایكۆلۆجییەكە بەكارهێنراوە، ئەمەش لە ئاكامی دەركەوتن و مەزنی رووداوەكان و تێنەگەیشتنی هاتووە، تەنیایی و مەترسی لە نیگەرانی و نامۆیی پاڵیان بە مرۆڤەوە دەنا كە زیاتر بایەخ بە خەون بدات و پەنا بباتە بەر خەیاڵ و یارمەتی دەری بێت بۆ رزگار كردنی لە سامناكی و تەنیایی)) (حەسەن, ١٩٩٨: ٣٠), زۆر جار بەشێوەیەكی گونجاو و تەندروست خەونەكان لەنێو دەقە فۆلكلۆرییەكاندا بەكارهاتوون و بوونەتە زەنگی ئاگادار كردنەوە لە ئەگەری روودانی رووداوێكی پێشبینیكراو بەمەش گۆڕان و

بــەرەو پــێش چــوون و هەڵکشــان لــە رەگــەزە گرنگــەکانی نێودەقەکــە روودەدات، وەکــو رەگەزەکانی(کات و شوێن و پاڵەوان)، بۆ ئەوەی بتوانن هەڵوێستی گونجاو یان دژ وەربگرن و ململانێکان زیاتر بەرەو لوتکە برۆن.هەندێجاریش تەنیا بۆ دڵدانەوە و خۆ دورخستنەوەیە لەو بارە ناهەموار و پرلەکارەساتەی کە رووی تێدەکات، چونکە لە واقیعدا ناتوانێ بەرەنگاری ئەو بارودۆخە ببێتەوە, بۆیە پەنا بۆ خەون دەبات و بەهۆیەوە کەشێکی ئارامتر بۆ خۆی و دەوروبەری دروستدەکات. لەبەرئەوەی لە سەردەمانی کۆندا هۆکارەکانی گواستنەوە زۆر سەرەتایی بوونە، بەهۆی ئاژەڵانی وەکو ئەسپ و حوشتر و ئێستر..هتد، بووە، هەروەها هۆکارەکانی گەیاندنیش بەهەمان شێوە بووە، وەکو ئێستا ئامێری بێتەل و ئەلکترۆنییەکان نەبوونە، بۆیە زۆر بە گرانی ئاگاداری هەواڵی یەکتر بوونە لە شوێنە دوورەدەست و جیا جیاکان، بۆیە نا چاربوونە کە پانا بۆ ئامرازی تربەن، کە زووتر و خێراتر لەو بارودۆخەی ئەوێ ئاگادار بن، جا ئەگەر بێت و ئاورێك لە دەقە فۆلكلۆرییەکان و لە ناویشیاندا داستانە فۆلكلۆرییەکان بدەینەوە، (( دەبینین لە رێگەی (خەونەوە) زۆر هەواڵی خۆش و ناخۆش گەیشتوون، فلان کەس کە ئاوارە بووە، یا لە غەریبییایەتی دەژیت، لە رێگەی خەونبینینیەوە هەواڵی ماڵە بابان دەزانێت، یا کارەسات و رووداوەکانی خێڵ و بنەوان و بنەگە و دۆست و دەسگیران و رازگرانی دێنە خەون، یا خەبەری دڵدارەکەی لەرێگەی لێکدانەوەی خەونی دەخاتە روو)) (حەسەن, ١٩٩٨: ٢٢)، ئەو دۆخە دەقاودەق بەسەر هەردوو پاڵەوانی داستانی (ناسر و ماڵماڵ)دا هاتووە، کاتێ بەهۆی ناکۆکی خێزانی کە لەنێو باوکییان و مامیان لەسەر دەسەڵات روودەدات، ئەوانیش بۆ وڵاتی غەریبی سەرهەڵدەگرن و ناو چەکەی خۆیان بۆ ماوەی چەند ساڵێك جێدێڵن، بێ ئاگادەبن لە هەموو گۆڕان رووداوەکانی ناو چەکە و ماڵی بابیان، تا شەوێك لە کاتی گەڕانەوەیاندا (ماڵماڵ) خەون بە دەزگیرانەکەیەوە دەبینێت، خەونەکە بەمشێوەیە بۆ(ناسر) دەگێڕێتەوە و دەڵێ:

(( لە خەوێدا وابوو، چووبوومەوە وڵاتەکەی گاگەشییە

نازداریان دابوو بە شۆخاڵی لەبەر مەڕییە

نازدار کوڕێکی ببوو لە شۆخاڵییە

دانیشتبوو لەبن لانکێ کوڕییە،

بەلاقی لانکی ڕادەژاند و بەزاریش بۆی دەکردەوە لایلاییە.)) ( موحەمەد ئەمین, ٢٠٠٨: ٤٤)

لێرەدا بەهۆی خەونەکە ڕێڕەوی رووداوەکان دەگۆڕێت، چونکە هەڵوێستی پاڵەوان، لەبەرئەوەی نایەوێت بچێتەوە ناو چەکەی و دەیەوێت دووبارە بگەڕێتەوە وڵاتی غەریبی، چونکە چاوی

بەرایی نادەن كە خۆشەویستەكەی لە پاڵ كەسێكی تردا ببینێت، بۆیە (ناسر) بەتەنیا بە نهێنی دە چێتەوە ناوچەكەی بۆ ئەوەی راستی رووداوەكە و ئەنجامی خەونەكە بزانێت، جا لەبەرئەوەی بەتەنیایە و لەڕێگاش تووشی كەمینی دوژمنان دەبێت بە زەحمەت رزگاری دەبێت و دەچێت سۆراغی راستی و نا راستی خەونەكە دەكات و بۆی دەردەكەوێت كە خەونەكە دەقاودەق راستە، بەڵام كە دەگەڕێتەوە بە(ماڵماڵ) دەڵێ خەونەكە پێ چەوانە بوو دەزگیرانەكەی من شووی كردووە نەك هی تۆ، ئەم درۆیەشی لەبەرئەوە كرد تا (ماڵماڵ) لەگەڵی بچێتەوە و لەوێ تۆڵەی خۆیان بكەنەوە، كاتێ كە دەگەنەوە ناو چەكەیان لەوێ دوژمنەكانیان لە ناو دەبەن و هەموو كارەكان وەكو پێشان ئاسایی دەكەنەوە، بنیاتی رووداوەكانی كۆتایی داستانەكەش كە رووداوی گرنگ و یەكلاكەرەوەن لەسەر بنەمای خەونەكە بنیاتنراون و پشتیان بەو خەونەی ماڵماڵ بەستوە. چونكە ئەگەر خەونەكە نەبوایە رێرەوی رووداوەكان جۆرێكی تردەبوو. هەروەها لە داستانی( چەتۆی كوڕی فەرحۆ)دا، كە داستانێكی قارەمانێتییە، قارەمانی سەرەكی داستانەكەش( چەتۆ)یە، هەر لەسەرەتای داستانەكە و رووداوەكانی سەرەتادا، ( چەتۆ) خەونێك دەبینێت و بۆ باوكی دەگێڕێتەو زۆر مەراقیەتی بزانی واتای خەونەكەی چییە، بنیاتی رووداوەكان و بنیاتی كەسێتیی پاڵەوان لەسەربنەمای ئەو خەونە و لەو روانگەیەوە بنیاتنراوە. چەتۆ خەونەكەی دەگێڕێتەوە و دەڵێ:

(( بابۆ خەوێ من بی ئەسەر نییا<br>
من خەونەكا دیتیا خەونەكا پڕی جوندییا<br>
تۆزەكێ قالبێ من تێك چوییا<br>
نالە نالەك لسینگی من دەرهاتییا<br>
كەفتی تە ناو چەمییا<br>
چەند كێرویشكێ ل لانانە<br>
چەند شێری ل بێشیانە<br>
چەند كەوێ لسەر هێلكانە<br>
چەند رێوییێ لناو چومانە<br>
چەند حەیوانێ لبەریان و بەحرانە<br>
هێلكە و فەرخێ خۆ هێلانە<br>
ئەو تەیرو حەیوانە ب گۆشتی دەعبایان<br>
بەرازان خەنی بینە هێشتا لبەر وان مانە)) (گۆران, ٢٠١١: ٩٣)

خەونەکە هەر لەسەرەتادا زەنگی ڕووداوی بێ پێشینە و گەورە لێدەدات، چونکە ڕەمز و هێما و کۆدەکان ئەوە دەگەیەنن، کە حەیوانە بێوەی و بێزیانەکان بنە گۆشتخۆر و گۆشتی ئاژەڵی درِندە و بەهێز بخۆن، ئەمەش ئەگەری ئەوە دەگەیەنێت کە کەسێکی ئاسایی ببێتە پاڵەوان و کەسانی گەورە و بەهێز و بە ناو ناوبانگ ببەزێنێت و پشتیان لە زەوی بدات، بێگومان لە ڕووداوەکانی داهاتووی داستانەکەش ئەو شتە ڕوویدا و چەتۆ چەندین سەرکردە و سەرۆك هۆز و پاڵەوان و لەشکری گەورەی بەزاند و لەمەیدانی شەڕی وەدەرنان و تۆڵەی باب و با پیرانی لە دوژمەنەکانی ستاندەوە.

خەون لە داستانی(مەم و زین)دا ڕۆل و پێگەیەکی هێندە گەورە و کاریگەی بینیوە هەموو ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ئەو داستانە مەزنەی لەسەر بنیات نراوە، چونکە هەر لەسەرەتای ڕووداوەکاندا هەردوو پاڵەوانی سەرەکی خەونێکی هاوبەش دەبینن و بنیاتی کەسێتی داهاتوویان لەو ڕوانگەیەوە دادەمەزرێت و ئاراستەیان دەکات، بەهەمان شێوە ڕووداوەکانیش بەتەواوی ئاراستەی خۆیان بە پێی ئاراستەی خەونەکە دەگۆڕن و بەو شێوەیە دەڕۆن بەڕێوە، کات و شوێن و کەشی گشتیش هەر لەژێر سایەی ئەو خەونە، ڕەنگ و بۆی تازە وەردەگرن، چونکە هەتا پێش ئەو شەوەی خەونەکە ببینن مەم و زین هەریەکەیان لە کۆشکی خۆیان بێکێشە و گرفت ژیانیان بەسەر دەبرد، بەڵام هەرکە بەیانی بەخەبەر هاتن هەموو شتەکان گۆڕان و ژیانێکی تازەی پڕ لە ئیشق و دوو دڵی و خەم و ئازار دەستی پێکرد.

(( ئەگەر دەزنویژی هەڵدەگرت، دەسترەی دەستان لە بەری خۆی دەرێناوە،

ئەگەر تەمەشای قانکی خۆی دەکرد، مۆر و ئەنگوستیلەی یایەزینێ لە کنی بەجێ ماوە،

دەزبەجێ بێحاڵ دەبوو، زمانی شکاوە،

چاوی هەڵنەهات، هۆشی ئومەتەی نەماوە

بەنگین دەرمانی بێهۆشیەی هێناوە،

وەبەر دەمی کاکەمەمی داوە.

کاکەمەم جێبەجێ چاوی هەڵات، زمانی کراوە.

کاکەمەم بانگ دێلێ:"بەنگینە، جێم بۆ ڕاخە، کارم کراوە. ")).( ئۆسکارمان, ٢٠١٢: ٩١ ,٩٢)

گومانی تێدانییە کە ئەو داستانە فۆلکلۆرییانە بۆ سەردەمانی کۆن دەگەڕێنەوە، سەردەمانێك کە هۆیەکانی گەیاندن و پەیوەندیکردن لە بارێکی زۆر سادە و سەرەتاییدا بوونە، هەواڵێك بەدرەنگەوە لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر دەگەیشت، جا ئەگەر ئەو شوێنە دوورەدەست بوایە،

ئەوا بارودۆخەكە سەخت تر دەبوو، شوێنی(كاكەمەم و خاتوو زین)ینیش زۆر لە یەكترەوە دوور بوونە، هەروەك لەنێو گێڕانەوەی داستانەكەدا باسكراوە، ساڵە ڕێیەك ڕێ ڕۆیشتن بووە، جا هەواڵ لەو نێوانەدا زۆر درەنگ و بەزەحمەت گەیشتووە، بەڵام بەهۆی تەكنیكی خەونەوە توانراوە هەواڵی ڕووداوی ڕووداوەكان بگوازرێتەوە، كە چی دەگوزەرێت لە شوێنە جیاجیاكاندا، بۆ نموونە كاتێ (كاكەمەم) گیانی پیرۆزی پە پولەیی دەسپێرێت، بەنگینەی هاوڕێی بەڕێدەكەوێت بەرەو زێد و وڵاتی خۆی بۆ ئەوەی هەواڵ و كارەساتی (كاكەمەم)ی، بۆ خانەوادەكەی بگوازێتەوە، لێرەدا هەر ئەو شەوە دایكی(كاكەمەم) خەون بە كوڕە تاقانەكەی دەبینێت، لە خەونەكەیدا (كاكەمەم) دەكەوێتە دۆخێكی مەترسیدار و ترسناك، كە هەموو واتاو گوزارشت و لێكدانەوەییێكی ئەو خەونە ئەوە دەگەیەنێت، كە (كاكەمەم) دوچاری ڕووداوێكی گەورە و جەرگبڕ بووە و لە ژیاندا نەماوە، ئەمە پێشبینیش دەگەیەنێت، بۆ ئەوانەی كە جارێ هەواڵەكەیان نەبیستووە، بە هۆی دووریان لە شوێنی ڕووداو، بۆیە هەر لەو كاتەوە تووشی خەم و ماتەم و ناخۆشی دەبن، دیارە ئەو بەرەیەش بنەماڵە و دەست و پێوەند و دۆست و خەڵكی وڵاتی (كاكەمەم)ن، چونكە بەوە تێدەگەن كە شازادەكەیان لە بارێكی ئاساییدا نییە و كارەساتێكی ناخۆش ڕووی تێكردووە، لە لایەكی تر بۆ سۆز و دڵی دایك دەگەڕێتەوە، چونكە دایك هەمیشە دڵی لای جگەر گۆشەكانییەتی و دڵی خەبەردەدات و لەگەڵیاندا دەژیت، بەخۆشی و ڕەحەتی ئەوان ئاسوودە دەبێت، بە ناخۆشی و نارەحەتییەكانیشیان ئەویش دڵی ناخۆش و شپرزە دەبێت، مێشك و دڵ و دەروونی خەبەری پێدەدات و هەر لەخۆیەوە خەمباری دایدەگرێت، سەرەڕای ئەوەش بەهۆی تەكنیكی خەونەوە كارەكتەر و كەسێتییەكانی نێو داستانەكان زیاتر لەگەڵ یەكتریدا لە پەیوەندی دادەبن.

(( دایكی كاكەمەم، لە یەمەنێ، لەتاو مەمی ئۆقرەی نەبوو.
شەوێ بە خەون دایكی چاوی پێكەوت، مەم لە بەندەنێك لە ڕاوێ بوو.
دابەزیبوو، بەردێك بوو، سێبەرێك بوو، هات بچێتە بن سێبەرەكە.
هەژدیهایەك لە بەردەكە هاتە دەرێ، ئەگەر چریكاندی، ئاورێك لە زاری
بۆوە، تەواوی دنیای ڕووناك كرد، لای كلكی هاویشتە نێو قەدی كاكەمەمی،
گرتی و لێی هاڵا، جا زاری كە ئاوری لێ دەهاتە دەرێ، دا پچڕی و بۆ كەللەی
كاكەمەمی برد و بردییە نێو زاری)) ( قازی, ۲۰۰۹: ۹۵)

كاتێ دایكی خەبەری دەبێتەوە لێی مسۆگەرە كە كوڕەكەی تووشی كارەساتێك بووە، بۆیە نابێ چیتر دەستەوەستان دانیشن و

چاوەڕێ بن، بۆیە بڕیار دەدات، بەخۆی و لەشکرەکەی بەڕێبکەون و بچن بۆلای کوڕەکەی.
خەون تەکنیکێکی هێندە کاریگەرە توانی لە ماوەیەکی کەمدا ئاراستەی ژیانی دوو شازادە و خانەوادەکانییان بگۆڕێت، زیاتر گرنگی ئەو تەکنیکە لەوەدایە کە کات و شوێن و سنور و دورو نزیکی و داب و نەریت و لۆژیکی و نالۆژیکی نازانێت و هەموو ئەو سنور و بەربەستانە دەبڕێت و دەرگا داخراوەکان والادەکات و کێوەبەرزەکان تەخت دەکات و دەریا بێ بن و بێ لێوارەکان دەکاتە شاقامێکی خۆشکراو و تەخت. خەون تەکنیکێکی ئەوەندە کاریگەرە هەتا بەسەر بیر و باوەڕی مرۆڤیشدا زاڵدەبێت و توانای ئەوەی هەیە کە سەد و هەشتا پلە ئاراستەی خۆی پێ بگۆڕێت و بەتەوای ئاراستەی پێ چەوانە وەربگرێت، ئەمەش لە داستانی (شێخی سەنعان)دا ڕەنگی داوەتەوە، چونکە شێخ بەرلەوەی خەونەکەی ببینێت کەسێکی موسڵمان و رابەرێکی دینی گەورەی ناو چەکەی خۆی بووە، بەڵام دوای ئەوەی خەوەنەکەی بە (سەرتەم)ی کچی فەلە دەبینێ ئاشقی دەبێت و پلەو پایە دینی و کۆمەڵایەتییەکەی خۆی لەبیر دەکات و واز لە زیکر و تاعەت و خوا پەرستی و رابەرایەتی دینیی دێنێت و ئامادەیە هەمووشتێك بکات, بە مەرجێك کچە بە خۆشەویستی خۆی قبوڵی بکات .

(( مریدێك هات لەدووی، کوتی:
کردوومانە زیکر و سوبحانە
ئەلحەمدولیللا و ڕەببانە
قامەت تەواو ئەرکانە
شێخ بۆ دیار نییە بۆ نێو ئەوانە؟
شێخ جوابی داوە، کوتی:
شەوێ وەختی نیوەشەوێ
دیم شمقارێ چاپك ڕەوێ
بۆیە جەرگ و دڵم ناسرەوێ
بەنچیر سەنعانی دەوێ )) ( قازی,٢٠٠٧: ٩)

هەروەها لە داستانی(زەمبیل فرۆش)دا، دوای ئەوەی کە پاشا دەسەڵات و کۆشك و ماڵ و سامانی جێدێڵێ و دەسبەرداری هەموو شتێك دەبێت، چونکە پێیوایە هەمووی حەرامەو لەمەودوا دەبێت بە ئارەقەی نێو چاوانی خۆی نان پەیدابکات و خۆی و ژنەکەی پێ بژیێنێت، بەڵام کێشەی ئەوەیە کە نازانێ چ کارێك بکات و بچێت بۆ کوێ؟ بۆ ئەوەی ئەوجۆرە کارەو ئەو جۆرە نان و ماڵەی دەستبکەوێت، بۆیە لێرەدا بەهۆی تەکنیکی خەونەوە ئەو کێشەی نێو

داستانەکە چارەسەر دەبێت, شەو خەو دەبینێت و پێیدەڵێن چی بکات و بچێت بۆ کویَ:((سبحەینیَ هەڵستا چووە سەر دەریایە دە نێوەڕاستی ئەو دەریایەی جزیرێك بوو، مێشەیەکی لیَ بوو گوتی: "خولایە! ئەوە کەس نەی چەقاندوە، چ بکەم لەبەر دەریایە ڕێم نییە بچم بڕێکی بێنم بۆ خۆم بیکەمە زەمبیل".ئەویَ ڕۆژیَ زۆر بە ئاجزی هاتەوە. شەویَ دەخەوێدا پێیان گوت: " سبحەینیَ برۆ لەو مێشەیدا بۆ خۆت کاریَ بکە")) ( ئۆسکالامان, ٢٠١١: ٤٨٥)

بەمەش سەرچاوەیەکی ژیانی بۆ دیاری دەکرێت لەڕێی خەونەوە، کە وەکو وەحی وایەو خودا بەهۆی ئەو ئامرازەوە ئاگاداری دەکات و ڕێی پێنیشاندەدات، بۆ ئەوەی ڕوداوەکان بەو شێوەیەی کە دەخوازرێت ڕێڕەوی خۆیان وەربگرن، هەروەها هەر بەهۆی تەکنیکی خەوبینینەوە تەواو کەری ڕووداوەکان ئەنجامدەدریَ، لایەنی دووەمی داستانەکە دێتە ناو ڕووداوەکان، ئەویش خانمی خوشکی پاشای ناوچەکەیە، کە ئاشقی زەمبیل فرۆش دەبیت، دیارە ئەو ئاشق بوونەش هەر بەهۆی تەکنیکی خەوبینینەوەیە, شەو خەون بە زەمبیل فرۆشەوە دەبینێت و ئاشقی دەبێت. ((خاتوونی پادشای شەویَ زەمبیل فرۆش دە خەویَ دی ئاشق لەوی بوو.)) ( ئۆسکالامان, ٢٠١١: ٤٨٥)

دیارە ڕووداوە گرنگەکانی نێو ئەو داستانە لە دوای ئەو دوو خەونەوە دەستپێدەکەن، واتە تەکنیکی خەون دەبێتە بنەمای بنیاتنانی ڕووداو و پاڵەوانی داستانەکە.

لەداستانی( خورشیدی خاوەر)دا، کاتیَ خورشید وێنەی (خەرامان)ی چاو پێدەکەوێت لەلای دەروێشە گەریدەکە، یەکسەر ئاشقی دەبێت و بڕیاردەدات کە بەرەو وڵاتی خەرامان بکەوێتە ڕیَ و تا نەیدۆزێتەوە نەگەڕێتەوە، بەڵام کە شازادە دەگاتە ئەو وڵاتە، بێگومان (خەرامان)یش بێئاگایە لەو, هیچ خەبەرێکی لەو بابەتە نییە، ئەمەش کێشەیەکی گەورەیە بۆ ئەوەی هەردوو ئاشقەکە بەیەك بگەن و دیدار و بەیەك گەیشتن و خۆشەویستی دوو لایەنە لەنێوان هەردووکیاندا دروستببێت، لێرەدا خەون دەبێتە باشترین ئامارز و تەکنیك بۆ ئەوەی ئەو پەیوەندییە لەنێو ڕووداوەکانی داستانەکەدا دروستببێت، هەر بۆیەشە بەهۆی خەوبینینی خەرمانەوە ئەو هەلە دەڕەخسێت و بنەما و هەوێنی ئەو کارە چەکەرە دەکات، خەرامان خەون دەبینێت و خەونە کەشی بۆ دایە گەورەی زاناو دنیادیدەو جێی متمانەی دەگێڕێتەوە، سەیرەکە لەوەدایە کە دایەگەورەش هەمان خەونی بینیوە، بەمەش دودڵی و تامەزرۆیی(خەرامان)زیاتر دەبێت بۆ ئەوەی زووترو گورجوگۆڵ تر بەدوای(خورشید)دا بگەڕێت و بیدۆزێتەوە.

(( ئەلین شازادەی شای خاوەر زەمین

لەشكرو سپای هێناوە بۆ چین

داوای خرامان ئەکا بۆیە وا

مخلوق بەجاری همو پەشوکا

من کە أمەم بیست لە خاقانی چین

خبرم بوەوە لە خەوی شیرین

أزانم لەدەور چرخی ئاسمان

شەررو شوری زور روئەدا لیمان

دایە وتی پی غم مەگرە لەدل

خەوی مەستی یە باگلە باگل

لە پاشان ووتی رولەی نازەنین

بە حقی خدای جهان ئافرین

منیش ئەم خەوەم دیوە وەکو تو

خەوی سەر خوشی بگالە یقین)) ( کمال اغا, ١٩٥٧: ٦١)

لێرەدا ئەگەر ئەو تەکنیکەی خەوبینین نەبوایە، بەهیچ شێوەیەك نەدەتوانرا بەشێوەیەکی گونجاو و لۆژیکی بنیاتی رووداوەکانی داهاتووی ئەو داستانە بنیات بنرێن و رووداوەکان بەو شێوەیەی ئێستای نێو داستانەکە دروست بن، بۆیە ئەم تەکنیکە بۆتە باشترین بنەمای رووداو کەسێتی و رەگەزەکانی تری نێو داستانەکە و بەشێوەیەکی سەرکەوتوانە رێڕەوی خۆیان وەرگرتووە. هەروەها داستانە بەناو بانگەکەی ئەڤین و خۆشەویستی(شیرین و فەرهاد)، کە لەنێو کورد و نەتەوەی تری وەکو فارسەکانیش بڵاوبۆتەوە، لەسەرەتادا ئەم دوو دڵدارە نەیەکتریان ناسیوە و نەیەکتریان بینیوە، بەڵکو هەریەکەیان لە وڵات و ناوچەیەکی دوور لەیەکتری دەژیان، بەڵام بەهۆی تەکنیکی خەونەوە هەموو ئەو دووری و بەربەستانە دەروخێن و دەتوێنەوە. بۆ دامەزراندنی بنەمای ئەو خۆشەویستییە سەرەتا فەرهاد خەو بە(شیرین)ەوە دەبینێت و لەخەونەکەیدا شێت و شەیدای دەبێت و بڕیای سەرهەڵگرتن و جێهێشتنی وڵاتکەی دەدات, بەرەو جێگە و نیشتیمانی شیرین.

(( شەو لە خەودا دی کەوا دولبەری

کچێکی جوانی پەری پیکری

هات لەگەڵ فرهاد بەربونە یاری

بە دلێکی خۆش بە کامگاری

ئەموستیلەی خۆی بەخشی بە فرهاد
فرهادیش هی خۆی پی دا بە دلشاد

فرهاد لیٚ ی پرسی ای حوری لقا
تۆ ناوت چیە پیٚم بلیٚ تۆ خوا

گوتی ای فرهاد مەبە دڵ غەمگین
مشهورە ناوم گیانە بە شیرین

ئەگەر نازانی جیٚگەو مكانم
لە نزیك الوەند لە تاقەو سانم

لەخەوی شیرین كاتی كە هەڵسا
عەقل و شعوری لەسەردا نەما..تاد)) (عصری, ١٩٩٩,: ٣)

لیٚرەدا كیٚشەكە ئەوەیە كە خۆشەویستییەكە یەك لایەنەیە و لایەنی بەرامبەر بیٚ ئاگایە لەو رووداوەی بەسەر لایەنی یەكەمدا هاتووە، جا بۆ چارەسەر كردنی ئەم كیٚشەیە دوو بارە پەنا دەبریٚتەوە بەر تەكنیكی خەون و بەهەمان شیٚوە لایەنی دووەم واتە (شیرین) یش، هەمان خەون دەبینیٚت و بەهەمان شیٚوە دەكەویٚتە داوی خۆشەویستی فەرهاد و هۆش و ئەقڵی لای خۆی نامیٚنیٚت.

(( شەویٚك نوستبو شیرینی ئەرمەن
لە خەودا بینی فرهادی كوكەن

دەستی فرهادی خستە مل شیرین
گوتی گیانەكەم ئەی شازادەی چین

پیٚم بلیٚ بۆ چی وا پەشۆ كاوی
عاجزو زویٚری هەل بزر كاوی

ئەمەی وەختیٚ دی لە پر را پەری
لە عشقی فرهاد یخەی دا دری)) (عصری, ١٩٩٩: ٨)

بەم شیٚوەیە رووداوەكان گەشەدەكەن و بەرەو لوتكە ریٚرەوی خۆیان وەردەگرن، تا بەو مەرگەساتەی كە لای هەموومان روونە و پیٚی ئاشناین كۆتایی بەو ئەشقە دیٚت، كە لەدوای خۆیان میٚژوویەكی پڕ لەشانازی و پاڵەوانییان تۆمار كردووە، كەنەتەوەكەمان تا ئەمرۆش شانازی پیٚوەدەكات، ئەم میٚژووەش سەر چاوەكەی بۆ تەكنیكی خەوبینیین دەگەریٚتەوە .

هەندێ داستان هەن سەرەتا هیچ بوونێکی نەبووە هیچ رووداو کەسێتییەکی دیاریکراو نەبووە بۆ ئەوەی ببێتە بنەمای دروستبوونی کەسێتیی و هەڵگێرسانی رووداوەکان، بەڵکو خەوبینین بووە بەهۆی دروستبوونی کەسێتی و هەڵگێرسانی رووداو و دیالۆگ و مەنەلۆگ و کات و شوێن و کەشی گشتی داستانەکە، بۆ نموونە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ داستانی(سەیدەوان) ئەم خەسڵەتە دەبینین، چونکە عبدولعەزیز و کوڕەکانی لەگەڵ هۆزەکەی بەبێ کێشە و گرفت دەژیان و هیچ رووداوێکی وا لە ئارادا نەبوون کە ببنە بنەمای داستانێك لەسەر ئەوان و هۆزەکەیان، بەلام کاتێ کە عەبدولعەزیز خەونێك دەبینێت و بەیانی خەونەکەی بۆ شارەزایان دەگێڕێتەوە، رەمز و هێما و ئاماژەی خەونەکە دەبنە مایەی لەسەر وەستان و تێڕامانیان، ئامۆژگاری دەکەن کە بە هەستیيارییەوە مامەڵە بکات، چونکە عەبدولعەزیز دەیەوێت بەرەنگاری ئەنجام و رەوتی خەونەکە ببێتەوە، دەیەوێت ئاکامە مەزندەکراوەکانی پێچەوانە بکاتەوە، بەمەش ئاراستەیەکی پێچەوانە دەگرێتەبەر و دەیەوێت چارەنووسی خۆی و خانەوادەکەی بگۆڕێت، بەمەش ململانێکان دروستدەبن و گەشەدەکەن بەرەو ئەو مەرگەساتەی کە رەمزو لێکدانەوەکان ئاماژەیان بۆ کردبوو. سەرەتای داستانەکەش هەر بەگێڕانەوەی خەونی خەوبینەکە(عەبدولعەزیز)، دەست پێدەکات.

(( ئەورۆ سەری من دەئێشێ

دڵی عەبدولعەزیزەکەی ماڵوێران دەکاتەوە بێنە بێنێ.

ئەمن ئەوشۆ خەونێکم دیوە لەمن وابوو"

ئاخیری بەهارێیە و دەگەڕام لە تیلەگی دە کوێستانان،

قەت وەگیرم نەدەکەوت قولەمێك گیایە بەشێ باقەبێنێ

توخوداکەی ئەو کەسانەی ئەگەر خودا شوناسن،

وەرن " تەعبیرێ ئەو خەونەی بۆ من لێك بدەنەوە

ئەمن زۆر دەترسام ئەگەر خوداوەندی میری مەزن، پاشایە کەرەمێ،

موسیبەتێکی گەورەم بەسەر بێنێ.)) ( موحەمەدئەمین, ٢٠٠٩: ١٧٥, ١٧٦)

هەر چەندە عەبدواعەزیز خۆشی هەستی بە مەترسی ئاکامی خەونەکە و رەمز و هێماکانی کردبوو، بەلام بەشێوەیەکی پێچەوانەو دژی ئەو چارەنووسەی لە چارەی نووسرابوو مامەڵەیکرد، دیارە ئەو شێوازی مامەڵەکردنەش، بۆ دروست بوون و گەرمکردنی ململانێیە. بۆ ئەوەی هەروەکو چۆن لەسەرەتای رووداوەکاندا بەهۆی تەکنیکی خەونەکە پلانی بۆ کێشراوە

ڕووداوەکان ملی ڕێبگـرن و بـڕۆن بـەڕێوە، خـۆ ئەگـەر (عەبدولعـەزیز) بەقسـەی شـارەزایانی بکردایە, ئەوا ئەو مەرگەساتە ڕووی نەدەدا و پلان و نەخشەی تەکنیکەکەشی تێکدەدا.

تەکنیکی خەون هەر تەنها لە ژیانی واقیعی نێو داستانەکەدا ڕۆڵی نەبینیوە، بەڵکو لە پـیرۆز کردن و بەخشینی گیانی نەمری بە پاڵەوانەکان دوای ژیانی دنیاییشان ڕۆڵی بینیوە، بـۆ نموونـە دوای ئەوەی کە هەردوو ئاشقی خێر لەخۆنەدیو و بەیەکنەگەیشتوو( لەیل و مـەجنون)، یـەکێك لە هاوڕێ و دۆستە نزیکەکانیان خەویان پێوەدەبینێ، کە لەو دنیا گەورەترین و شـیاوترین پلـە و پایەو خۆشترین ژیانیان بۆ دابینکـراوە لـە پـای ئـەو نەهامـەتی و دەردەسـەرییەی لـەژیانی دنیاییدا بینییان، هەروەها خۆشەویستییەکەیان خۆشەویستییەکی پـاك و بێگـەرد بـووە، بۆیـە لـەنێو بەهەشـتدا بوونەتـە دوو فریشـتەو بـەو پـەڕی خۆشـی و تاهەتایـە دوور لەناخۆشـی و نەهامەتی ژیان بەسەر دەبەن.

((شەوێك یكجاری ماتو حزین بو
بو لیلی و مجنون بی تاوو تین بو
که خەوی لی کەوت وەختی بەیان بو
لەخەو دی کەوا بو جیگایی چو
رویشت گەیشتە ناو باغیکی خوش
پر گول و لالەو عەرعەری دلکش
مجلیس گیرا بو شاهانە دستور
غلمان و کنیز وەستابون وەك حور
لەسەر تەختی زیر دو کەسی دولبەر
پالیان دابوەوە وەك مانگی انوەر
کنیزیکی جوان ئەهاتو ئە چون
مشغولی کیف و بەزم و صفا بون
پرسی لە یەکی گوتی ئەم چی یە
هەرگز نەم دیوە پیم بلی کوی یە
ئەم دوو کەسە کین هیند بەختیارن
پادشای کام جین چین و چە کارن
شخصە کە گوتی بە زید بزانە
لیلی و مجنونە بەخوا ئەم دوانە...تاد)) (باپیر اغا, ١٩٧٨: ٨٢, ٨٣)

هەر ئەو بیرو باوەڕەشە کە گوازراوەتەوە نێو کولتور و کەلەپووری فۆلکلۆری و میللی، کە پێیان وایە (لەیل و مەجنون) بوونەتە دووئەستێرە و هەمیشە لە ئاسماندا بە دوای یەکدا وێڵن، کە لەبەر گەورەیی و ڕێزیان لەلای خودا گیانی ئەوانی کردووە بە ئەستێرەی درەوشاوەو بەنەمری و هەمیشەیی لە ئاسمان و لەبەر چاوی هەموومان ماونەتەوە.

ئەو داستانانەی باسمان کردن و چەندین داستانی تر، تەکنیکی خەون ڕۆڵێکی سەرەکی بنەڕەتی بینیوە لەنێویاندا، کە ناکرێت یەکە یەکە لە هەموویان بدوێین. لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە تەکنیکی خەون لەنێو داستانەکانی فۆلکلۆری کوردیدا بە هەمان شێوەی داستانەکانی گەلانی تری جیهان، ڕۆڵێکی کاریگەر و بنەڕەتی بینیوە لە بنیاتی ڕووداوەکان و ئاراستە و ڕوودانیاندا، هەروەها لەبنیاتنانی کەسێتی و ئاراستەکردن و گەشەکردن و گۆڕانیان، سەرەرای ئەمانە بووە بە بنەمایەکی گرنگ بۆ دروستبوونی توخمەکانی تری وەکو دیالۆگ و مەنەلۆگ و کات و شوێنی ڕووداوی داستانەکان، ئەوەش سەلمێنەری گرنگی تەکنیکی خەوبینینە لەنێو داستانەکاندا.

## بەشی دووەم: فانتازیا

فانتازیا ئەو کەش و هەواو جیهانە بێسنور و پان و بەرین سیحرییەیە کە لەنێو دنیای ئەدەبی نووسراو زارەکیدا بەرچاو دەکەوێت، ئەو جیهانەیە کە لە دنیای واقیعدا بەرچاو ناکەوێت و تەنیا لە جیهانی خەیاڵ و ئەندێشەدا نەبێت، هەر بۆیە (( لە بەرهەمی فانتازیدا پێویستە دیاردەی سەروو-سروشتی هەبێت، ئیتر لەوانەیە ئەم دیاردەیە کەسێك بێت، یان ڕووداوێك بێت، یاخود لەوانەیە شوێنێك بێت، مەرجیش نییە بەردەوام ئەم سەروو-سروشتە لێکدانەوەیەکی لۆجیکی یاخود واقیعی بۆ بکرێت)) ( تاتانی, ٢٠١٥: ٥١), لەبەرئەوە نووسەر و گێڕەرەوەکان هەر لە دێرزەمانەوە بۆ جوانکردنی کارە ئەدەبییەکانیان پەنایان بۆ بردووە، بۆ زیاتر جوانکردن و ڕەونەقدان بە دەقەکانیان، ئەم زاراوەیە لەنێو ئەدەبی هەموو گەلانی دنیادا لە سەردەمانی کۆن و نوێدا بەرچاو دەکەوێت، بۆ نموونە ئەگەر بگەڕێینەوە لای یۆنانییەکان ئەم وشەیە، واتە وشەی (fantaissia) لە بنەڕەتدا لە وشەی یۆنانی (fhantasia )وە هاتووە، کە ئەویش لە وشەی (fhaiinein)وە هاتووە، کە وشەیەکی فەلسەفییە، بەلای (ئەفلاتون)ەوە، بە واتای کاریگەریی هەڵخەڵەتاندنی بینینە، بەلای (ئەرستۆ)شەوە، بە واتای ئەندێشەی بەرهەم هاتووە، هەروەها لە سەدەکانی ناوەڕاستیشدا بە پەیوەندییەکی بەهێز بە بیری ئەندێشەیی ئەهریمەنییەوە بەسترابووەوە، دوای ئەوەش لە

سەدەکانی بووژانەوەدا تایبەتمەندی دیکەی وەدەستهێناوە و بۆی زیاد بووە، کە گوزارشتییان لە ڕۆح و بیرۆکەکان و ئارەزووەکان و خەونەکان کردووە، لەسەدەی حەڤدەهەمیشدا وشەکە خۆی خزاندۆتە نێو بواری هونریشەوە. ( پۆل أرون وأخرون, ٢٠١٢: ٧٩١), کەواتە هەر لەسەرەتاوە بیرمەندان بنەمایەکی دروستییان بۆ وشەکە داناوە و لەسەر ئەو بنەمایەش دامەزراوە و پەرەی پێدراوە، چونکە کاتێ کە (ئەفلاتون) پێیوایە و دەڵێت، کە تێڕوانین و بینینی زەینی و چاوی بینەر و گوێگر بەرەو جیهانێکی تازە و سیحریی دەبات و دەبێتە مایەی قەناعەت پێکردنیان و هەڵخەڵەتاندنیان، (ئەرستۆ)ش هەر هەمان ڕاو بۆچوون و قەناعەتی هەیە، کە بە خەیاڵێکی زیرەکانەی دادەنێت، چونکە خەیاڵی ئەهریمەنی گوزارشت لەوپەڕی داهێنان و سیحریی و زیرەکی دەکات، کە دەتوانێت کەش و هەوایەکی نوێی وا بخولقێنێت، کە هەموو کەسێك بۆ لای خۆی کێش بکات و بڕوای پێبکات، دیارە لە سەدەکانی بوژانەوە و شۆڕشی ئەدەبیشدا هەر لەسەر ئەو بنەمایانە لێکدانەوەی بۆ کراوە، کە پێیان وایە ئەو جیهانە جیهانێکی خەیاڵییە، تەنها ڕۆحەکان دەتوانن بیگەنێ و ماڵی خۆیانی لێ جێگیر بکەن، هەرگیز بە جەستە ناتوانین بگەینە ئەو دنیایە ڕۆحانییە، بەڵکو تەنها ڕۆح تێیدا ئاسودە دەبێت و چێژی لێوەردەگرێت، دیارە کە ڕۆحیش حەساوە جەستەش ئاسودە دەبێت، بەڵام ڕاستەوخۆ ناتوانێت پێی بگات و چێژی لێوەربگرێت، تەنها لە ڕێگای ڕۆحەوە نەبێت، هەروەها لەو دنیایەدا هەموو ئەو بیرۆکانەی کە گوزەر دەکەن بەنێو مێشکی مرۆڤدا دەتوانرێت بخرێنە واری جێبەجێکردن، هەر لەوێ هەموو ئەو ئارەزووانەی کە لە جیهانی ئاساییدا بە هۆکاری جۆراوجۆری وەکو دین و کولتوور کۆمەڵگە و...هتد، دەبنە بەربەست لە بەدیهێنانیان لەوێ ئەو ئارەزووانە دەگەن بە مرازی خۆیان و بەربەست و سنوورەکان تێکدەشکێنن، یەکێك لە هۆکارەکانی هاتنەکایەی جیهانی فانتازیش لەلایەن گێڕەرەوە و نووسەران بۆ ئەوە هاتۆتە ناو دنیای ئەدەب و هونەرەوە، کە(( باسی ئەو بابەتە قەدەغەکراوانە دەکات، هەم خۆی لە لێ پرسینەوە و سەرزەنشتکردن لەلایەن کۆمەڵگەوە رزگار دەکات)) ( تاتانی, ٢٠١٥: ٥٣), دیارە فانتازیا شتێکی نامۆ نییە بەلای مرۆڤەوە، هەر چەندە لە بواری واقیع و جێبەجێکردندا شتێکی ئەستەمە، بەڵام لەنێو بیر و مێشکی مرۆڤدا شتێکی ئاساییە و هەموو مرۆڤێك لە گشت بوارەکانی ژیاندا چەندین جیهانی فانتازی لەنێو مێشکیدا دەتوانێ دروستبکات، هەر بۆیە دانتی(( پێناسەی فانتازیای واکردووە کە لەگەڵ خەون و ئەقڵدا هاوشێوەیە، لەگەڵ ئەوەشدا بەکارهێنانی بۆ فانتازیا بەو پێیەی کە (خەیاڵی ڕوانینە) بۆ ئەمرۆ شتێکی نوێ نییە)) ( حەمە شەریف(د), ٢٠٠٩: ١٤١), هەموو مرۆڤێك خەون و خولیای هەیە و لەنێو

مێشکیدا دەخولێنەوە، هەر ئەمەش دەبێتە بنەمای بنیاتی فانتازیا، چونکە لە یەکە و پایە هەرە بەهێز و سەرەکییەکانی فانتازیا بریتین لە خەون و خەیاڵ و ئەندێشە و بیرکردنەوەی قوڵی مرۆڤ، هەر چەندە لەو بوارەشدا هەموو مرۆڤەکان چوونیەك نین و جیاوازییان هەیە لەنێواندا، چونکە خەڵکانێك لەو بوارەدا دەوڵەمەند و بەرهەمدارترن، ئەگەر وانەبوایە هەموومان دەبووین بە شاعیر و نووسەر و ئەدیب و هونەرمەندو..هتد، هەر چەندە هەوێنی ئەو تەکنیکە لە مێشکی هەموومان‌دا هەیە، بەڵام هەموو کەسێك ناتوانێ بەتەواوی سوودی لێوەربگرێت و بەدیارییبخات، بۆیە لەلای زۆربەماندا کپ و خامۆش دەبێت و بەشێوەیەکی گەشاوە چەکەرە ناکات، بۆیە ئەو جیهانەی کە ئەو جۆرە کەسانە دەریدەخەن و دەیخەنە بەرچاو خەڵکی، بە جیهانێکی جوان و چێژ بەخش و سیحری دەزانرێت، لەبەرئەوەیی (( دەکرێت جیهانی فانتازیا بە جیهانێکی جوانتر و تەواوتر بزانین، لە جیهانی ئاسایی، ئەویش بەهۆی بوونی خەون و خەیاڵ و ئەندێشە، هەروەها تێڕوانین و بیرکردنەوەمان بۆ دیاردەو شتی تر، کە تا ئێستا لە جیهانی ئاساییماندا وون و نادیارن)) ( موحسین, ٢٠٠٦: ١٥٣), بەڵام لەنێو جیهانی فانتازییدا دەتوانرێت هەموو ئەو بیر و تێڕوانینانە بخرێنە روو، بەبێ ئەوەی هیچ شتێکی شەرعی و یاسایی و نەریتیی و کۆمەڵایەتی ببێتە بەربەست لەبەردەمیدا، چونکە جیهانێکە لە هەموو جۆرە سانسۆرێك داماڵدراوە و بەتەواوی ئازاد و سەربەستە، هەروەك چۆن هیچ کەسێك ناتوانێت بەربەست و سانسۆر لەسەر خەون بینینیی هیچ کەسێك دابنێت، بەهەمان شێوەش ناتوانرێ بەربەست و سانسۆر بخرێتە بەردەم جیهانی فانتازیی، لەبەرئەوەی خەونیش هەر بنەما و رەگەزێکی فانتازیایە، چونکە (( پێوەندی نێوان فانتازیا و خەون کارێکی بەڵگە نەویستە)) ( حەمە شەریف(د), ٢٠٠٩: ١٤١)، لە خەوندا هەموو شتێك گونجاو و لۆژیکییە، چونکە یەکسەر وەڵامەکە ئەوەیە، کە دەڵێین ئەوە خەونە، کەواتە لە خەونیشدا هیچ شتێك نییە کە جێگای نەبێتەوە و نەتوانرێت بێتەدی، لەبەرئەوەی ئەمە لەسەرووی توانای مرۆڤدایە و ناتوانرێ ڕێگەی لێبگیرێت، لێرەدا زۆردار و دەسەڵاتدار و پاشا و گەدا و زۆرلێکراو و هەژاران هەمان مافیان هەیەو یەکسانن، چونکە هەموومان دەتوانین خەونی ڕەنگاو ڕەنگ ببینین، بە پێی لێکدانەوەو تێگەیشتنی (فرۆید) فانتازیاش هەمان دەسەڵات و خەسڵەتی هەیە و هیچ جیاوازی نییە لەگەڵ جیهانی خەوندا، هەر بۆیە (( فرۆید، فانتازیای وادەبینی کە هەموو نامەئلوفێك دەبێتە مەئلووف و پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە)) ( حەمە شەریف(د), ٢٠٠٩: ١٤٢)، هەموو کەش و هەواو جیهانێکی فانتازیی بنەمایەکی واقیعی هەیە، واتە هیچ کاتێ ناتوانرێ لەسەر بناغەیەکی بۆش و و دوور لە واقیع، جیهان و کەش و هەوای فانتازیی دروست

بکرێت، چونکه کەش و هەواو جیهانە واقیعییەکە دەبێتە بناغە و هەوێنی دروستکردنی ئەو جیهانە سیحرییە، کەواتە (( فانتازیا جیهانێکە واقیع و خەیاڵ ئاوێتە دەکات، دیاردە و شتەکان لە واقیعدا بوونیان هەیە، بەڵام فانتازیا بە خەو و خەیاڵەکانی بە شێوەیەکی تر بوونیان پیشان دەدات و دایاندەڕێژێتەوە)) ( موحسین, ٢٠٠٦: ١٥٢), واتە سوود لە ڕەگەز و کەرەستەکانی واقیع وەردەگرێت، بەڵام هەموو ئەمانە هەڵدەوەشێنەوە و پارچە پارچەیان دەکات و دووبارە بە ئارەزووی خۆی دایاندەڕێژێتەوە، جا ئەو شێوە دارشتنەوەیە مەئلووف بێت یان نا مەئلووف، هەر ئەمەشە کە دەبێتە هۆی دروستکردنی جیهانی فانتازیی. هەموو توخمەکانی ئەدەب دەتوانن سوود لە فانتازیا وەربگرن، بۆ نموونە کاراکتەر، کە لەوێدا دەتوانرێت ببێتە خاوەنی هێز و توانایەکی گەورە و بەرفراوانتر، بۆ ئەوەی بتوانێ بەسەر هەموو لەمپەر و بەربەستێکدا سەربکەوێت، هەروەها دەبێتە خاوەنی تایبەتمەندی و خەسڵەتی جیاواز لەوەی کە لە واقیعدا هەیەتی، بەهەمان شێوە توخمی شوێنیش زۆر بەهرەمەندە لە جیهانی فانتازییدا، چونکە هیچ کاتێ شوێنی واقیعی ناتوانێ ململانی لەگەڵ شوێنی فانتازییدا بکات، لەرووی جوانی و خۆشی و چێژ بەخشییدا، چونکە (( شوێنی فانتازی، جیهانێکی خەوئامێز و خۆش و دڵڕفێنە))( جەوهەر, ٢٠٠٦: ٧),ئەگەرچی زۆرجار بەشوێنی سیحریی ناودەبرێت، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەمجۆرە شوێنانە لە جیهانی واقیعدا بەرچاو ناکەون، مەگەر لە جیهانی سیحریی و جادوییدا ببینرێن، هەر چەندە ئەو دوو شوێنە جیاوازییان هەیە لەنێواندا، چونکە (( شوێنی جادوویی شوێنێکی ترسناك و نادیارە زۆرجار پاڵەوان بە نموونە بە سووتاندنی پەڕەمووچێك پێی دەگات)) (جەوهەر, ٢٠٠٦: ٧), بەڵام مەرج نییە کە شوێنی فانتازی ئەو جۆرە ترسناکی و مەترسییەی تێدابێت، چونکە زیاتر بەخۆشی و دڵڕفێنی بەناوبانگە، هەموو بنەماکانی ئەو جوانی و دڵڕفێنییەش لە جیهانی واقیعدا بوونیان هەیە، بەڵام بەو شێوە تەواوی و پڕیی و کامڵییە نییە، کە لە جیهانی فانتازییدا بەدی دەکرێت، لەوێدا هەموو شتەکان لە ئاستێکی باڵا و تەواو دان و هیچ کەم و کوڕییەك بەدی ناکرێت، واتە ئەو شتانەی کە مرۆڤ حەزدەکات و پێی باشە لەو شتانەدا هەبێت یان هەبوایە بەپێی خواستی خۆی، ئەوا لەو جیهانەدا ئەو خەسڵەتانە بەهەموو شتەکان دەبەخشێت و کەم و کورتییەکان ناهێڵێت، جا بۆیە (( گرنگی فانتازیاش لەوەدایە، کە خەون و خەیاڵەکە پەیوەندی بە واقیعەوە هەبێت و ڕەنگدانەوەی بێت، واتە پردێك لەنێوان واقیع و خەیاڵدا هەبێت، بۆ ئەوەی بەیەکتر بگەن)) ( موحسین, ٢٠٠٦: ١٥٢), خۆ ئەگەر ئەو ڕەنگدانەوە و پەیوەندییە نەبێت لەنێوانیاندا، ئەوا ئەو تەکنیك و جیهانە هیچ بایەخ و گرنگییەکی نابێت بەلای مرۆڤەوە،

چونكە گوزارشت لە حەز و خواستەكانی ئەو ناكات، كە شتێكیش گوزارشت لە ناخ و بیر و تێڕوانینی ئەو نەكات بۆ چی خۆی پێوە سەرقاڵ و خەریك بكات، چونكە مرۆڤ هەر كاتێ نەتوانێ و لەدەسەڵاتیدا نەبێت شتێك فەراهەم بكات لە ژیانی رۆژانەیدا، لەبەر هۆكار و لەمپەرە جیاوازەكانی دینیی و دنیاییدا، ئەوا لەو ساتەوەختەدا پەنا بۆ ئەو جیهانە دەبات و لەوێ ئەو حەز و ئارەزووە كپكراو و قەدەغە كراوانە بە خەیاڵ تێر دەكات و كات و ساتێكی كاتی خۆش بەسەر دەبات، چونكە(( فانتازیاش ئەو جیهانە ئاڵۆزەیە، بۆ ساتێكیش بێت هیوا و ئاوات و حەز و ئارەزووەكانی واقیع بە خەو و خەیاڵ دێنێتە دی)) ( موحسین, ٢٠٠٦: ١٥٢), دەتوانرێ بەهۆی ئەو جیهانەوە، واتە دەربڕڕینی فانتازیا لەلای كەسێكەوە حەز و ئارەزووەكانی ناخی بخوێنینەوە و بزانین لە ناخی راستەقینەی ئەو كەسەدا چی دەگوزەرێت، چونكە دروستكردنی ئەو كەش و هەواو جیهانە، رەنگدانەوەی راستەقینەی بیر و تێڕوانین و ناخی كەسەكەیە، بەڵام لە خەوندا ئەو شتانەی كە مرۆڤ لە جیهانی واقیعیدا نەیتوانیوە پێیان بگات و لەلایەن خۆی یان كۆمەڵگەوە سەركوتكراون، لە خەوندا پێیان دەگات و دێنەدی، واتە خەونیان پێوە دەبینێت، كەواتە دەتوانین بڵێین (( كە لە ئەدەبدا فانتازیا بۆ تێركردنی ئارەزووە بێ ئاگاكانە و بۆ خەونیش زیاتر دەكەوێتە بەر راڤەكاری شیكردنەوەی دەروونی تایبەت بە خەونەوە)) (حەمە شەریف(د), ٢٠٠٩: ١٤٢) كە ئەمەش یەكێكە لە ڕایەكانی (فرۆید) كە پێی وایە خەون بریتییە لە شتە كپ كراوەكانی ژیانی واقیعی، هەر چەندە ئەو دوو جیهانە، واتە جیهانی فانتازیا و جیهانی خەون زۆر لە یەك دەچن و زۆر بنەما و رەگەزی هاوبەش هەیە لەنێوانیاندا، بەڵام جیاوازیش هەیە لەنێوانیان، هەر چەندە هەموو خەونێك جیهانێكی فانتازیی تێدایە، بەڵام لەوەشدا جیاوازن كە خەون لە دۆخێكدا دێتەكایەوە كە مرۆڤ بێئاگایە و پەیوەندی ئاگایی و وشیاریی لەگەڵ دنیای واقیعدا دەپچڕێت و لە دۆخێكی بێئاگاییدایە، بە رۆح و جەستەوە دەكەوێتە نێو ئەو بارودۆخ و واقیعەی كە لەنێو جیهانی خەونەكەیدا دروستبووە، ئازار و ماندوو بوون و ترس و چێژ و خۆشی لەو دۆخە وەردەگرێت، هەر بۆیە كاتێ بەئاگادێتەوە یان لەخەوەكەی بەخەبەر دێت، حەزدەكات كە خەبەری نەبوایەتەوە و لەو جیهانە بەردەوامی بە ژیان بدایە، ئەوە ئەگەر خەونەكەی خۆش بێت، بەڵام ئەگەر خەنەكەی ناخۆش بێت ئەوا كە خەبەری دەبێتەوە خەنی دەبێت لە خۆشییان و هەناسەیەكی ئاسوودەیی هەڵدەكێشێت، كە لەو ترس و لەرز و ناڕەحەتییە رزگاریی بووە و بەردەوام نەبوو لەو دۆخە پڕ لە ترس و لەرز و ناخۆشە ناڕەحەتە، بۆیە دەڵێت باش نەبوو خەون بوو یان موسڵمانان شەهادەتێكی بەحەق دێنن و تۆبە دەكەن و سوپاسی خودا دەكەن لەساتی خەبەر بوونەوەیاندا،

بەڵام جیهانی فانتازیی، مرۆڤ لە دۆخێکدا دروستی دەکات کە بەتەواوی بە ئاگایە و لەو پەڕی وشیاریی و بیرکردنەوە دایە، بەهۆی ئەو بیرکردنەوە و خەیاڵ و ئەندێشە قووڵ و جوانەیەوە ئەو جیهانە تایبەتە دروست دەکات، هەر بۆیە ئەو جۆرە مرۆڤانە بە داهێنەر و زیرەك دادەنرێن، کە توانایەکی لە ڕادەبەدەریان هەیە بۆ دروستکردنی ئەو جۆرە کەش و هەوا و جیهانە کەم وێنەیە، هەر بۆیە کاتێ کە لەنێو جیهانەکەی دێتە دەرەوە دوچاری شۆك و حەپەسان و ترس و لەرز نابێت و لە دۆخێکی ئاساییدایە.

لەنێو ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیشدا بە تایبەتی حەکایەت و داستانەکان، ئەو جۆرە بنیاتە بەدی دەکرێت و پڕیانە لەو دیمەن و دۆخە فانتازییانە، ئەمەش بۆ ئەوە بووە کە زیاتر سەرنجی گوێگر و بینەر بەلای بابەتەکاندا ڕابکێشێت و بایەخیان لەلای ئەوان زیاتر بێت و نەمریی و زیندوویێتیش بە بابەتەکان ببەخشێت، هەر بۆیە (( لە زۆربەی چیرۆکە فۆلکلۆرییەکاندا فانتازیا لە ئاستێکی باڵا دایە)) ( کاریزی, ٢٠٠٠: ١٥٨), بنیاتی هەموو داستانە فۆلکلۆرییە کوردییەکانیش لەسەر بنەمای ڕووداوی واقیعی ڕۆنراون، بەڵام ئەو کەش و جیهانە فانتازیاییە بۆ ئەوەیە کە دەقەکان بەرەو تەواویی و جوانی هەڵکشێن و زیاتر ببنە جێگای سەرنج و تێڕامانی خەڵکی و بەخشینی چێژی زیاتر پێیان.

هەموو بەشەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری زیاتر بەهۆی ئەو جیهانە فانتازییەوە بوونەتە مایەی سەرنج و لەسەروەستانی خەڵکانی بێگانە و خۆماڵی، کە هەموو ڕووداوە واقیعییە بایەخدارەکان بەو تەکنیکە موتربە کراون، ئەمەش بۆتە مایەی گەشەکردن و فراوانبوونیان، کە هەندێکیان سنووری نەتەوەکەمانیان بڕیوەو لەنێو گەل و نەتەوەی تری دەرودراوسێدا بڵاوبوونەتەوە، ئەمەش گوزارشت لە گەورەیی و دەوڵەمەندی بواری فۆلکلۆری و کەلەپووری کوردی دەکات، کە ئێمەش نەتەوەیەکی (( دەوڵەمەندین لە کەلەپووری میللی و فۆلکلۆری نەتەوەیایەتیمان و دیمەنەکانی واقیعی ئێمەش کە لە فۆلکلۆرماندا رەنگی داوەتەوە پڕیەتی لە وێنەی جوان و فانتازیایی)) ( رەشید, ٢٠٠٥: ٨٧)

جا بۆ قسەکردن و دەستنیشانکردن و شیکردنەوەی ئەو کەش و هەواو جیهانە فانتازییانە لەنێو داستانە فۆلکلۆرییەکاندا، تەنها لەسەر هەندێ لە وێنەی فانتازیی دەوەستین لەنێو دەستانە فۆلکلۆرییەکاندا، بەڵام لەسەر دیمەنی فانتازیی کە لەشێوەی خەون بنیاتنراون ناوەستین، چونکە لەپێشەوە لە بواری خەون باسمانکردوون، ئەوانیش هەر هەموویان بەجۆرێك لە جۆرەکان ئەو کەش و جیهانە فانتازییەیان تێدا بەدی دەکرێن، چونکە خەون خۆی لە خۆیدا جیهانێکی فانتازییە، هەوەك لە پێشەوە لێی دواین، دیارە هەموو داستانەکانیش تەکنیکی خەونیان تێدا

بەکارهاتووە، کەواتە هەموو داستانەکان تەکنیکی فانتازیشیان تێدا هەیە، ئەگەر هەر نا ئەوا لە خەونەکاندا خراوەتە روو.

داستانی(قەڵای دمدم) یەکێکە لەو داستانانەی کە بە چەندین شێوە و شێواز لەلایەن گێڕەرەوەکانەوە گێڕدراوەتەوە، لەبەرئەوەی ئەو داستانە باس لە مێژووی پڕ لە سەروەریی وبەرخودان و قارەمانێتی نەتەوەی کورد دەکات، لە گێڕانەوەکاندا زیاتر جڵەوی ئەندێشە و خەیاڵیان شل کردووە و چەندین وێنە و دیمەنی فانتزیاییان لەنێو رووداوە راستەقینە مێژوویەکانی ئەو داستانەدا دروستکردووە، هەر لە بنیاتی کەسێتییەکان و شوێن و رووداو و کات و سەردەم و...هتد، بۆ نموونە لە یەکێك لە دیمەنەکانی دروستکردنی قەڵادا بەم شێوەیە ئەو کارە گەورە دەکات و سنوورەکانی دەبەزێنێت و لە دنیای واقیعییەوە بۆ دنیای فانتازیی، کە دەڵێت:

(( سەد وەستا دێ لە تارانێ

وەستام کیسەی لە پێش دانێ

خەندەکێ لێ بدە سبحەینانێ

سەد وەستا هات لە تەورێزێ

لە بناغەی دادەنێ رێزێ

خان چا دەکەن مەتەرێزێ

لە ئێرانێ هەر چەندی مایە

وەخڕ بوون هەزار بەننایە

خان دەکەن تەگبیر و رایە

وەعدەیان داوە دەگەڵ شایە

سەد بێژینگ کەریان هینایە

عەلی بەگیان باش وەستایە...تاد)) (بەحری, ٢٠١٣: ٤٦)

ئەم دیمەنە باس لە سەرەتای دروستکردنی قەڵا دەکات، کە بریتییە لە دیاری کردنی سنووری شوێنی قەڵاکە، لێرەدا دەیانەوێت فێڵێکی یاسایی لە شاعەباس بکەن، چونکە ئەوان لەسەرەتادا داوایان لە شاعەباس کردبوو کە پارچە زەوییەکیان پێبدات، کە فراوانییەکەی بەقەد پێستی گامێشێك بێت، ئەویش رازیی بوو لەسەر داواکارییەکەیان، جا لێرەدا ئەو پێستە گایە لە رێگای وەستای شارەزا و دەسترەنگینەوە ئامادە دەکەن، دەیکەن بەسیرمەی زۆر باریك لە شێوەی داوەدەزوو، بۆ ئەوەی بیکەنە چوارچێوەی ئەو زەویی و شوێنەی قەڵای لێ دروستدەکەن،

بۆ ئەوەی لە دوارۆژدا بیانووی شاعەباس نەهێڵن، ئەگەر گوتی مـن بـەڵێنی پارچـە زەوییـەكی بچووكم پێدان كە بەقەد پێستەگایەك بێت، ئەو كاتە ئەوانیش دەڵێن ئەوە هەمووی بەقەد یـەك پێستەگایە، دیارە ئەمەش لە كۆتاییدا روودەدات، شاعەباس بەو وەڵامە دەمكوت دەكەن، جـا دیمەنە فانتازییەكە لەوەدایە، كە لە دنیای راستەقینە و حەقیقەتدا هەرگیز ناتوانرێـت پێسـتەی گایەك بەو شێوەیە بكرێ بە سیرمەی باریك و ئەو هـەموو پانتاییـە بەرفراوانـە داگـیر بكـات، هەروەها لە شێوەی كاركردن و ژمارەی وەستا بێژینگكەرەكاندایە، كە سەد بێژینگكـەر بەسـەر پەرشتی سەروەستایەك كارەكـە جێبـەجێ دەكـەن، دوای ئـەوەش وێنـە و دیمەنـە فانتازییەكـە بەردەوام دەبێت،كە دەستەكەن بە دروستكردن و بناغەدانانی قەڵا، كە زیاتر لە هـەزار وەسـتا لەشار و ناوچـە جیـا جیاكـانی سەرانسـەری ئێـران دێـنن بـۆ كـاركردن، جـا ئەگـەر ژمـارەی وەستایەكان ئەوەنـدە بووبێـت، دەبێـت ژمـارەی شـاگرد و كرێكارەكـانی بەردەسـتییان چـەند بووبێت، ئەمانەش هەمووی دەچنە جیهانی فانتازیی و لە جیهانی واقیعییدا جێگای نابێتـەوە، چونكە(( لە ئەدەبدا بابەتەكانی فانتازیا لە هیچ كات و شوێنێكدا بەدی نایەن، چونكە فانتازیا تێپەڕاندنێكی ئاشكرای هەموو سنورەكانی كات و شوێنە)) ( تاتـانی, ٢٠١٥: ٥٢), هـەر لـە هەمان داستاندا دوای ئەوەی شاعەباس لەگەڵ خـانی ناگـەن بـە رێككـەوتن لەسـەر وەسـتانی كاركردن لە قەڵا و دەستبەرداری خانی لە بنیاتنانی ئەو قەڵایە، بۆیـە شـاعەباس بڕیـاردەدات، كە لەشكرێكی گەورە لەسەرتاسەری شـارەكانی ئێـران بەسـەركردایەتی و سـەر پەرشـتیكردنی راستەوخۆی خۆی كۆبكاتەوە، بۆ ئەوەی بتوانن خانی لەمەیدانی شەڕ ببەزێنن و كارەكەشی لـێ تێكبدەن و دەستبەسەر ناوچەكەدا بگرنەوە و بیخەنـەوە ژێـر ركێـف و دەسـەڵاتی خۆیـان، جـا دیمەنە فانتازییەكە لـە بەشـداریكردنی ئـەو هـەموو شـار و ناوچـانەی وڵاتـە, كـە هـەموویان لەشـكری تایبـەت و بـە سـەركردایەتی گـەورەپیاوانی خۆیـان دەنێـرن بـۆ ئیسـفەهان، كـە وەڵامدانەوەیانە بۆ داواكاری شاعەباس بۆ بەشداری لـەو شـەڕەدا، بـۆ ئـەوەی لـەوێوە پێكـەوە بەڕێبكەون بۆ هێرش و شەڕكردن لە دژی خانی و خـەڵكی قـەڵا، كـە سـەدهەزار لـەو لەشـكرە تەنها گەورە و خانەكانن، جا دەبێ ژمارەی شەڕكەرانی ئاسایی چەند بووبێـت، كـە بـەو پێیـە بێت خۆی لەسەرووی ملیۆن شەڕكەر دەدات، كە بـەهیچ شـێوەیەك ئـەو ناوچـەیە ئـەو هـەموو خەڵكە هەڵناگرێت، ئەمەش دەچێتە چوار چێوەی خەیاڵ و فانتازییاوە.

(( هەر لە " مەشەدا " بێ " خوراسان "ە
" یەزد " و " گۆگجیل " و " دامغان "ە
هەر لە " شیراز " بێ " كرمان "ە

هەر لە " قەزوێن " بێ " تاران "ە
" شایسەیوان " ێ و " هەمەدان "ە
" سنە " و " سەقز " و " مەریوان "ە
" ئەرموودە " و " مازەندەران "ە
فەرعانی بێ " لێڕوستان "ە
دەمرقا پێ دەربەندانە
" دەرگەز "ی نییە و " خوردستان "ە....تاد)) ( بەحری, ۲۰۱۳: ۵۲)

هەروەها وێنە و دیمەنی بەرێکەوتن و ڕێڕۆیشتنی لەشکرەکە و ڕەنگ و شێوەی ولاخەکانیان، دیمەنێکی هێندە جوان و سەرنج ڕاکێشە، کە هەرگیز لە دنیای واقیعیدا ناتوانرێ ئەو جۆرە دیمەنانە بەرچاو بکەوێت، بۆیە چۆتە جیهانی فانتازی و ئەو دیمەنەی دروستکردووە، کە لە ڕۆژی حەشر دەچێت و کەس ئاگای لەکەس نییە و دنیا و ئەو ناوەی لەشکرەکەی پێدا تێدەپەڕێت، لەبەر دەنگی سمی ولاخەکان و زرینگ و هۆڕی چەك و کەرەستەی شەڕ و ڕێشمە و ئاوزنگی ولاخان کەس گوێی لە دەنگی کەس نییە و دنیاش لەبەر تۆزی ئەو لەشکرە بەتۆز و غوبار داپۆشراوە و چاو چاو نابینێت، لە هەندێ هەڵوێست و بارودۆخدا گێڕەرەوەکان پەنا دەبەنە بەر فانتازییا، بۆئەوەی تەرازووی هێز و رووبەروو بوونەوە بەلای ئەو بەرەیەدا لار بکەنەوە کە خۆیان و گوێگرەکانیان خۆشیان دەوێن و حەزدەکەن سەربکەون، بۆ نموونە کاتێ کە بێئاوی تەنگ بە خەڵکی ناو قەلا و لەشکرەکەی خانی هەڵدەچنێت، لەئەنجامی دەرماناویی کردنی سەرچاوەی کانی و ئاوەکانی قەلا، بەو هۆیەوە لەوە نزیك دەبنەوە هەرەس بێنن و ئالای سپی و خۆبەدەستەوەدان هەڵبکەن، لێرەدا و لەو ساتەدا گێڕەرەوە دێت کەش و هەواو جیهانێکی فانتازیی و خەیاڵی دروستدەکات، کە لەو وەرزی هاوینە گەرم و وشکەدا کەشوهەوا دەگۆڕێت و هەڵدەکاتە بەفرو باران، خەڵك و لەشکر لەو دۆخە نالەبارە رزگار دەکات، دووبارە ورەو تەرازووی هێزی لار بوویان بەرز دەکاتەوە و دەستدەکەنەوە بە بەرگری و هێرش و تێکشکاندنی هێزی دوژمنی داگیرکەر.

(( ئەحمەد بەگی لێتانی
رووی رەش بی دەگەڵ شەیتانی
لێی پیس کردن سەروکانی
تێیکرد حەوت باری دەرمانی
تێیکرد خێومێ حەوت ولاتە

دەگەڵ قەومێ نەما پاکە

ئەو دەردە لە بۆ وان چاکە

بەفرێك باری بە هاوینە

لە بۆ خانی لەپزێڕینە

سێ ڕۆژانیش بە وی ژینە...تاد)) ( بەحری, ٢٠١٣: ٦٧)

هەر بۆ بەرزکردنەوەی ورەی شەڕکەرانی قەڵاو گوێگران، کاتێ کە گەمارۆو بۆردومانی تۆپەکان و بێئاویی و هێرشی بەردەوامی سوپای دوژمن، خانی و شەڕکەرەکانی شپرزە دەکات و دەگەنە لێواری هەرەس و شکان، لەو کاتەدا دیسان دیمەنێکی فانتازیی دروستدەکات، بۆ راستکردنەوەی باری کەوتووی خەباتکاران، ئەویش بەهاناوە هاتنی پاڵەوانانی مێژوویی ئیسلامی و نەتەوەییە، کە لەنێو شەڕو کوشتارگاکانی رابردوودا رۆڵیان هەبووە و ناوەکانیان بووە بەسەر دەفتەری رووداوو پاڵەوانبازییەکان، هەر تەنها ناوەکانیان بووە بەهۆی هەترەش چوونی دوژمەنەکانیان، بۆیە ئەویش هاتوو ئەو پاڵەوانانەی بە فریای خانی و لەشکرەکەی خستووە، کە دەبنە هاوکار و هاودەرد و شەرکەری بەری قەڵا.

(( هیمداد دەهاتن غەیبییە

سێ سوار هاتن چەپەرییە

یەکیان حەسەنی بەسرییە

خالَندیان لێ ئالاَچییە

یەکی حەمزەی عەرەبییە

چەندیان کوشتن نەعلەتییە

هێندێك دەکەن ڕاو و گەشتێ

یەك شێخالَییە لە سەردەشتێ

وەیسەلقەرەنی ماهیدەشتێ

شێخ برایمی کانی ڕەشتێ...تاد)) (بەحری, ٢٠١٣: ٧٤), بەلاَم هەموو ئەو دیمەنانە هەر نەیانتوانی قەلاَ و خەلَکەکەی لە دەستی زولَم و زۆری شاعەباس و لەشکرە بێشوومار و بێویژدانەکەی دەرباز بکات، دوای ئەوەی زۆربەی زۆریان لە مەیدانی شەڕ و رووبەروو بوونەوەدا شەهید دەبن، بەمەش پێشی لەشکری دوژمن چۆلَ دەبێت و هێرش دەبەن بۆ قەلاَ، بۆ ئەوەی ژن و مندالَ و پیرو پەککەوتەکانیش لەناو ببەن، بەلاَم ئەوان خۆیان نادەن بەدەستەوە، بەتایبەتی ژنەکانیان، لە ترسی ئەتك کردنی شەرەف و کەرامەتیان، بۆیە بڕیار دەدەن خۆیان لە

قولەی قەڵابەرزەکان و لوتکەی چیاکان هەر دیڵێنن، جا لێرەدا دیمەنە فانتازییەکە دێتە ناوە و دروستدەبێت، کە ژنەکان خۆیان فڕێدەدەنە خوارەوە لەناوقەدی چیاکان و لە ناوەڕاستی ئاسماندا خوای گەورە لەبەر پاکی و مەزلومییان, دەیانکات بە کۆتری سپی و ئاشتی و بێگەرد، لەشەقەی باڵ دەدەن و بەرەو قولایی ئاسمان بەرزدەبنەوە، دیارە ئەمەش دیمەنێکی ئەو پەڕی خەیاڵی و فانتازییە.

(( ئەگەر چی ئەنگۆ دەوێرن
خۆ لە قەڵاتان مەسپێرن
بڕۆنە برجان خۆو هەڵدێرن
لەو خانمی دەنازەنینە
منداڵیان لە خۆ بەستینە
بە چارشێوێ کۆبە شینە
خۆیان لە برجان هەڵداشتینە
دەبوونە کۆتر، فڕێنە...تاد)) (بەحری, ٢٠١٣: ٧٦)

لە داستانی (شێخی سەنعان)دا، دیمەنە فانتازییەکان زۆرو هەمەچەشنن، بۆ نموونە کاتێ شێخ ئاشقی (سەرتەم) دەبێت، جوانیی ئەو کچە گاورەی هێندە بەلاوە کاریگەر دەبێت، سنووری جوانی ئاسایی و دنیایی تێدە پەڕێنێت و دەگاتە ئاستێکی خەیاڵی و فانتازیی، لەوانەیە ئەو جوانییە بەلای کەسانی دیکەوە بەمشێوەیە نەبووبێت، بەڵام چاوی شێخ وای بینیوە و بەلای ئەوەوە بەمشێوەیە بووە، هەروەك خۆی دەڵێت:

(( ناکرێ من عیلاج و چارە
دیمە دوو چاوی بە غومارە
ون دەبێ مانگ و ستارە
وەك ئەتڵەس و وەك چەتارە
لەنگۆ ونە و لەمن دیارە...تاد )) (قازی, ٢٠٠٧: ١٧)

هەموو ئەو دیمەنانەی باس لە جوانی (سەرتەم) دەکەن زیاتر بەچاوی شێخ و بە تێڕوانینی ئەوەوەیە، هەرچەندە(سەرتەم) کچێکی جوان و شۆخ و شەنگ و لەبەردڵان بووە، بەڵام لەوانەشە بەو شێوەیە نەبووبێت, کە هەموو سنوورەکانی جوانی تێ پەڕێنێت و بچێتە سنووری خەیاڵی، هەروەك شێخ وەسفی دەکات و دەڵێت:

(( کیژ ئەوە بە زەردە خەنە

پرچی بە میسلی قۆ پەنە
وەك مانگی چاردە رۆشنە
***
هات دەنگی زێڕ و گوارە
کرمەك و گوارە و قەتارە
سنگ وەك بازاڕ و شارە
چاوی مەست و بە غومارە ...تاد )) (قازی, ٢٠٠٧: ٣٨)

بەجۆرە جوانی (سەرتەم) لە وەسفی واقیعی تێدە پەڕێنێت و دەیبات بۆ جیهانی خەیاڵی و فانتازیی، هەروەها لە دیمەنێکی تردا وێنەیەکی فانتازیی دەخولقێنێت، کە بریتییە لە هێز و توانا و گەورەیی شێخ لەلای خوداوە، کە توانایەکی خەیاڵی هەیە، ئەو دیمەنەش بۆ ئەوەیە، کە هەردوو پاڵەوان بەیەك بگەن و کۆیان بکاتەوە لە یەك شوێندا، ئەو رۆیشتن و بەڕێکەوتنەش لە ڕێی دەریاوەیە، بەهۆی بەرماڵەکەی خۆی لە بری بەلەم و کەشتی، کاتێ هاواری خوا دەکات و بەرماڵەکەی فڕێدەداتە سەر ئاوی بەحرەکە، بەرماڵ وەك بەلەم و کەشتی لەسەر ئاوەکە لەنگەر دەگرێت دەچسپێت، ئەویش دەچێتە سەری و بەرەو یارەکەی بەڕێدەکەوێت.

(( گوتی قوم بە ئیزنی تو خودایە
قوم بە ئیزنێ رەبی زۆرییە
قوم بە ئیزنی تو رەبییە
لەسەر ئاوێ زێ خڕ بییە
لە ناوەندێ زکرێ چەقییە...تاد)) (گۆران, ٢٠١١: ٢١٥)

بێگومان ئەو جۆرە دیمەنانە دوورن لە واقیع، لە جیهانی واقیعی بەرچاو ناکەون، بەڵام بەهۆی جیهانی فانتازیی و خەیاڵی دەبنە شتێکی ئاسایی، ئەو جۆرە دیمەنە بە دیمەنی چەرخ و فەلەکی فڕیو دەچێت، کە لەنێو داستان و حیکایەتە فۆلکلۆرییە جیهانی و خۆماڵییەکاندا بەرچاو دەکەون، بەڵام ئەو لە ئاسمانە و ئەمەشیان لەسەر زەوییە و لەناو دەریا دایە، دیارە ئەو دیمەنە جارێکی تریش دووبارە دەبێتەوە، ئەویش دوای ئەوەی کە شێخ پەشیمان دەبێتەوە و هۆشی بۆ دەگەڕێتەوە بەهۆی دوعا و پاڕانەوەی مریدەکانی لە خودا، ئەو جارەیان نەك هەر شێخ خۆی، بەڵکو یارەکەشی ئەو هێزەی پێدەبڕێت، ئەویش بەهۆی شێخەوەیە، کە زێ و روبار بۆی دەبێت بە ڕێگا و بەسەریدا دەڕوات و دەپەڕێتەوە بەبێ ئەوەی قاچەکانیشی تەڕ بن.

(( وەرە خوارێ لڕەخشی خۆ

جوان هەڵگره دەست و نوێژێ خۆ

بلێ یالله قوم بەئیزنی تۆ

زێ دەبێته پرد بەسەری برۆ)) (گۆران, ٢٠١١: ٢١٨)

پاڵەوان( شێخی سەنعان) دوای ئەوەی خەون دەبینێت و ئاشقی (سەرتەم) دەبێت، دەچێته نێو جیهانێکی خەیاڵی و فانتازیایی.

لە داستانی (لاس و خەزاڵ)دا، دیمەنە فانتازییەکان دەبنە بنیات و رووداو و کارەکتەرەکان ئاراستە دەکەن، بۆ نموونە هەر لەسەرەتاوە باوکی(لاس) لە دیمەنێکی فانتازییدا رێی لێ هەڵە دەبێت و بەرەو دایکی (لاس) ئاراستە دەکرێت بۆ ئەوەی لەوێدا یەکتری بناسن و بە یەکتری بگەن، چونکە هەر رووداوەکانی سەرەتا وا دەکەن کە پێشبینی ئەوە بکرێت کە لەو دوو کەسە نەوەیەکی قارەمان بکەوێتەوە، بۆ ئەوەی لەسەر بنەمایەکی وا ئەو پاڵەوانە بنیاتبنرێت، کە توانای هەڵسوڕاندنی رووداوەکانی داهاتووی هەبێت، باوکی لاس لەگەڵ (فەتاح بەگ) دەچن بۆ راو، بەڵام لە دیمەنێکی فانتازییدا رێیان لێ هەڵە دەبێت و دەچنەوە لای عێلی ماڵی دایکی و بەرێکەوت بەیەك دەگەن. (( بیست و حەوت شەو، شەو و رۆژ بە ئەمری خودای تەم بوو. دەو بەینەشدا هیچ شتیان کەم نەبوو. بەڵام سەراسیمە بوون، رێیان لێ شێوا بوو. جا رۆژێکی لە سبەینێوە تا ئێوارێ تووشی ئاو نەبوون، ئاویش حەیاتە، پیاو بێ ئاو ناژی. پاش بانگی ئێوارێ رێگایان کەوتە سەر ئاوەدانێك. ئەگەر هاتن، عافرەتێك دەتگوت قورینگە، دەگەڵ چەند کچان لەسەر کانی و ئاوێك بوو...تاد)) ( قازی, ٢٠٠٧: ٥٨), هەروەك پێشبینیکرا هەروەش دەچووو بەری بەرهەمی ئەو دوو کەسە پاڵەوانێکی وەکو (لاس)ی لێهاتەبەر، کە لە هێز و توانا و ئازایی و جوانی و لێوەشاوەییدا دەگمەن بووە، کاتێ کە ئاشقی (خەزاڵ) دەبێت و سەرهەڵدەگرێت بۆ لای عێلەکەیان لەوێ لەگەڵ دوژمنەکانیدا دەبێتە ململانێیان لەسەر (خەزاڵ)، چونکە (خەزاڵ) لەبری خوێن درابوو بە کەسێکی تر، بەڵام (لاس) رووبەرووی دەبێتەوە و دەڵێ بە زەبری خەنجەر (خەزاڵ) دەستێنم لە دوژمنانی، دیارە (خەزاڵ)یش دەزگیرانەکەی بەدڵ نابێت و شێتانە ئاشقی (لاس) دەبێت، جا (لاس) چەندین ئازایەتی و قارەمانێتی لەو پێناوەدا دەنوێنێت، کە دیمەنی شەڕ و ئازایەتی و ململانێکان وێنەیەکی فانتازییان بەخۆوە گرتووە، بۆ نموونە لەو دیمەندا (لاس) هەڵدەکوتێتە سەر عێلێکی گەورە و بەمشێوەیە هەموویان وەگێردێنێت و تاڵانی عێلی (خەزاڵ) دەستێنێتەوە و تەڵانی ئەوانیش دێنێ لەگەڵ دەستبەسەر کردنی گەورەپیاوانیان و کوشتنی هەندێك گەورە و سەرانی تر جگە لە کەسانی ئاسایی کە لە ژماردن نایەن.

(( گە دڵهێشان پەیدا بوو لە عێلی لێ نەقەوماو

چادریان پاکی تێك دان، هەڵبڕان ئاوریشمی خاو

مەڕومالّیان تێکەڵ کرد، بوو بە کارە و قاوە قاو

تۆز بەری عاسمانی گرت، هیچ کەس هەڵی نایە چاو

لەبەر شێلینگی سواران، بوو بە کێشە و بەند و باو

کوا سەرداری ئەو عێلە؟ هەتا لێی بستێنم گیان...تاد)) ( قازی, ٢٠٠٧: ١٠٤)

لەو دیمەنە و لە چەندین دیمەنی تری رووبەروو بوونەوە و شەڕ کردندا وێنەیەکی فانتازیی دەخولقێنێت، کە کەسانی ئاسایی بەهیچ جۆر رێناکەوێت بەمشێوەیە خاوەنی هێز و توانا و ئازایەتی بن، ئەمجۆرە دیمەنانە تەنها لە جیهانی فانتازیی بەدی دەکرێن.

(( هەچ کارێکی سەری رکێفی و پێشی لەشکری دەگێڕاوە

جارێ چل کەس، یان دەیانگوت کوژراوە یان بە کەمەند گیراوە یان لەبن

پێی ئەسپاندا کەللەی بووە پەرێشان و بلاّوە

کێ لە مەلا داود و کێ بێ لە مەی نەبییە

وایان دەگوت بە عێلی کاسەوەندی و سمایل عوزێرییە

ئەگەر دەیانزانی لاس وا بەغیرەتە و پیاوی وا لە دنیایەدا نییە...تاد)) ( قازی, ٢٠٠٧: ١١٠)

هەر لەباسی ئازایەتی(لاس) لە رووبەروو بوونەوەیدا بەرامبەر نەیارەکانی، کاتێ دەچێت بۆ کوێستان و گوڵی شۆرابێ بۆ (خەزاڵ)ێ بێنێ، لەوێ لە شوێنێکی عاسێ کە چەندین ساڵە کەس نەیوێراوە بەو دەربەندەدا تێپەڕێت، چونکە لەلایەن دەستەیەك رێگر و پیاو خراب ئەو شوێنە گیراوە، بەلاّم (لاس) دەچێت و رووبەروویان دەبێتەوە، ئەوەی دەکوژرێ دەکوژرێ پاشان کە دەزانن دەرەقەتی نایەن سەردەستەکەیان داوای رێکەوتن و دۆستایەتی دەکات و دوای لێدەکات ببێتە مێوانیان و خزمەتی بکەن، دیارە سەرەتا ئەو کارەیان بۆ پەلبەستکردنی بوو، بەلاّم (لاس) چاونەترسانە مێوانداریيانی قبوڵکرد و لایان دەمێنێتەوە، بێئەوەی بتوانن نیازەکانیان جێبەجێ بکەن، هەر بۆیە کە چاویان بەو ئازایەتییەی دەکەوێت، دوای ئەوە سەردەستەکەیان دەبێتە پیاوی (لاس) و لەگەڵی دەگەڕێتەوە و تۆبە دەکات لەو کار و کردەوە خەراب و شەڕانگێزییانەی.

(( ناڵە ناڵە، گاڵە گاڵە قاوە قاوە

قاژەی تیرە، دەنگی قەرەبیتایە، ئەوهە لەگەڵ کوڕڕەم کوڕڕەمی ئەسپان دەبوونەوەتێکەلاّوە

مەلەكانی عاسمانیٚ لەو كارەی سەریان مەحتەل ماوە...تاد)) ( قازی, ٢٠٠٧: ٢١٢) هەر بەشێوەی دەنگەكاندا دیارە كە چ رۆژێكی رەش خولقاوە، دەنگی نالـە نالٚ و هاوار هاواری بریندار و پیكراوان، لە تاو ئازاری ئێش و ئازارو سەختە برینەكانیان، لە هەمان كاتدا دەنگی رمب و شمشێر وەشاندن، وەكو هەوری بەهاران دەگاڵێنیٚ لەناو دۆڵ و چیاكان دەنگ دەداتەوە، هەر ئەو دەنگانە لەنێو لوتكەی چیاو لە دامێنی دۆڵەكان دەنگ دەدەنەوە، لەویٚ دەبێتە قاوە قاوێك سەریان لیٚ تێك دەدات و رۆژی حەشر دەخولقێنیٚ، ئەو دەنگانە لەگەڵ دەنگی لرفە لرف و فرِم و هۆڕی ئەسپانی رەسەن و چوست و چالاك، كە سواران لەسەر پشتیان پرتاویان دەكەن تێكەڵ دەبن، كە مەلەكان لە قولایی ئاسمانان سەریان لەو كەش و هەوایە سوڕدەمێنێت و لە شوێنی خۆیان دەوەستن، ئەوەیە وێنەو دیمەن و جیهانی فانتازیی و كە هەرگیزاو هەرگیز مرۆڤ بەچاوی سەری ناتوانیٚ لە ڕاستییدا ببینێت، مەگەر هەر لەو دنیایە فانتازییەدا نەبێت، هەر لەو كاتەی كە(لاس) هەڵدەكوتێتە سەر عێلی دوژمنانی (خەزاڵ) و لەویٚ دەستی باشیان لێدەوەشێنێت و مەڕ و ماڵاتی تالانی دەگەڕێنێتەوە، جا لە كاتی گەڕانەوەی مەڕ و ماڵاتەكەدا دیمەنێكی فانتازیی دروست دەبێت، كە هەموو خەڵكی ئەو عەشیرەتە دەبنە كارەكەر و نۆكەری بەردەستی (لاس) و بەناز و شكۆوە مەڕەكانی (خەزاڵ) دەگەیەننەوە نێو عێلی(خەزاڵ)، بۆ ئەوەی مەڕەكانی عادز و وەرەس و غەمبار نەبن و بەبیٚ زیان و ماندوو بوون بگەنەوە شوێنی لەوەڕگاكانی خۆیان.

(( لاس دەڵیٚ خاتوونیٚ، خاتوونیٚ، نەوجەوانە !

" جاریٚ مەری خەزالیٚ لە كوێیە؟ نە لەوەڕاوە، نەكوو لێمانبكا گلەیانە"

لاس بانگی كرد: ئەی شوانی یای خەزالیٚ، مەڕی خۆت هەڵاوێرە!

مەڕی خەزالیان هەڵاورد، هەر چەندی خەلقی سوور چیی و زراران بوو، ڕەگەڵ مەڕی خەزالیٚ كەوت. هەموو باوەشێنیان دەكرد هەتتا تۆزی لێنەكەویٚ،

هەتتا هاتنە نێو عێلی مەمودینییان...تاد )) (ئۆسكارمان, ٢٠١٢: ١٦٥)

هەروەها لە وەسفی جوانی (خەزاڵ)ێدا، لە رووی جەستەیی و هەڵكەوتەی بەژن و باڵا و نەخشی دەم و چاوی، هەروەها جاوبەرگ و خشڵ و زێڕیدا، وەسفێكی فانتازیی كارەكتەر دەكرێت، كە ئەمەش لەچەندین جێگا و هەڵوێستدا دووبارە دەبێتەوە، هەروەها ئەو وەسفانەی كە شێوەی بەیەكگەیشتن و ژوانی هەردوو كارەكتەرمان بۆ دەكات، لەوێشدا سنوورەكانی واقیع دەبەزێنیٚ و دەچێتە نێو جیهانی فانتازیاییەوە.

(( كوڵمت دەڵێی شووشەی عەتری گوڵاوە

ورده ورده نەرمە فرمێسکی دێنە خوارێ لە مابەیتی هەرتك چاوە
کوڵمەی دەبێتە بەفر، فرمێسکی دەبێتە خوێن، دەڵێی بەفری کوێستانە و خوێنی
لێ پڕژاوە...تاد)) (قازی, ۲۰۰۷: ۱۵۱)

لە وەسفی سروشتی زیندوو و مردوشدا، جیهانێکی سیحراوی و جوان دەخولقێنێ، کە هەردوو جوانی کارەکتەر و سروشت یەك دەگرن و تێکەڵاو دەبن و دەبنە مایەی چێبوونی جیهانێکی دەگمەن و فانتازیی، کە گوێگر بە باڵی خەیاڵ دەفڕێت بۆ ئەوەی لەو جیهانە بحەسێتەوە و دڵی ئۆخەی بکات، لەنێو ئەو جیهانە بێکەم و کوڕی و تەواوەدا.

((ئەتۆ بە شل و مل نەتدیوە ئەگەر دەچیەوە پایزە هەوارێ، عێل هاتۆتە سەر
چۆم و روباری زودییان
ئەو کوێستانانەم بۆیە پێ خۆشە خەزاڵ هاتوچۆ دەکا لەوان
باز و قورینگ و شەهێن چاوەڕێن، ئەگەر ئەوان باڵندەن، وەحشییاتن و ئەگەر بێتو
خەزاڵ بچێتە کۆسرەتی شاڵە بەگییان
چون گوێیان هەڵخستوە، دێ دەنگی تۆق و تەلەسم و وردە گژنیژی گەردن کەش،
دەبێتە سەڵای فەقێیان وەکو مانگی ڕەمەزان...تاد)) ( قازی, ۲۰۰۷: ۱٦٦)

داستانی (مەم و زین)یش یەکێکە لەو داستانە فۆلکلۆرییانەی کە هەر لە سەرەتاوە بە کەشێکی فانتازیی ڕووداوەکان دەست پێدەکەن، لەسەرەتاوە جیهانی فانتازیی شوێن پێی خۆی دەکاتەوە و لەسەر ئەو بنەمایە توخمەکانی بنیاتنراون، کاتێ کە هەرسێ خوشك لەسەر شێوەی کۆتردا دەکەونە قسەو گفتوگۆ کردن و گرەو کردن لەسەر جوانترین کەسانێك کە تا ئەو کاتە چاویان پێیان کەوتوون، ئیتر لە کەشێکی ئەفسوناوی و فانتازییدا ئەو دوو پاڵەوانە (مەم و زین) بە یەکتری دەگەیەنن و بە یەکتریان دەناسێنن، هەر ئەو دیمەنە فانتازییەیە کە دەبێتە بنەمای کەسێتی کارەکتەر و ڕووداوەکانی داهاتوو.

((خالق هەر ئەتۆی لەسەرە !
سێ پەری لە ئاسمانێ حەوتەمین بەستوویانە لەنگەرە،
لەسەر کۆشی کاکەمەمی هەڵدەنیشتن ئەوبەر ئەوبەرە.
خوشکی گەورە دەڵێ بە خوشکی چووکەلە:
**خوکەی**، خوشکێ، ڕوومەتی کاکەمەمی زەریفترە یان چرا و فەنەرە؟...تاد)) ( ئۆسکارمان, ۲۰۱۲: ۸۱)

دیمەنێکی تری فانتازیایی نێو داستانی (مەم و زین) بریتییە لە دیمەنی هەردوو کۆشکی پاڵەوانەکە، بەجۆرێك وەسفی هەردوو کۆشکەکە دەکات، هەر لە کەرەستەی بیناکردن تا کەرەستە و کەلو پەلی ناوەوەی تا بڵندی بینایەکان و شوێنی بینایەکە، هەموو ئەمانە دەچنە خانەی فانتازیا، چونکە کۆشکی وا لەسەر ئەرزی بەرچاو ناکەوێت، (کاکە مەم) لەوەسفی کۆشکەکەیدا دەڵێت: (( خاتوونێ، کۆشکی من بڵندە سەر لە حەوت تەبەقەی ئاسمانێ،

خشتێکی زێڕە یەکیەکی زێوە، وەستا دایناوە لە کارخانێ،

دەنگی مەلایکەتان دەیگاتێ لە حەو تەبەقەی هاسمانێ،

کۆشکی من کۆشکێکی گەلێك گەورە و گرانە...تاد)) ( ئۆسکارمان, ٢٠١٢: ٨٨)

دیارە کۆشکی زینیش هیچی کەمتر نییە لە کۆشکی (کاکە مەم)، ئەویش لە وەسفێکی فانتازییدا بەمشێوەیە وەسفی کۆشکەکەی خۆی دەکات و دەڵێت:

(( میر مەم کۆشکی من بلیندە، سەر لە شاخی

ئاوی سپی لە حەوزی کەوسەرێ دێ، هەڵدەڕژێتە سەر بەردی مەڕ مەڕ، پەخش و

پەرێشان دەبێ لە نێو چوارباغی،

شەهێن و شالوور و شمقار دەوێدا بوون یاغی...تاد)) ( ئۆسکارمان, ٢٠١٢: ٨٨)

ئەو کاتەی کە( کاکە مەم) لە زینداندا بەند دەکەن بۆ ماوە چل ڕۆژ، بەهۆی ئەوەی کە لەو ماوەیەدا تەنها خواردنی ئەوە بووە کە سەگەکەی بۆی فڕێداوەتە خوارەوە، هەروەها بەهۆی نەبوونی هەوای پاك و تیشکی ڕۆژ، هەموو جەستەی ناسك بووە، بە کەمترین هێز و بەرکەوتن دوچاری زیان و ئازار دەبێتەوە، زۆر لەو دیمەنە دەکات کاتێ کە پیغەمبەر یونس (سەلامی خوای لێ بێت) لە سکی ماسی دێتە دەرەوە و بەشێوەیەك جەستەی هەستیار و ناسك بوو بوو, هەتا بە نیشتنەوەی مێشك لەسەری تووشی ئازار و زیان دەبووە، جا کاتێ (زین) بەشوێنی بەندکردنەکەی دەزانێت و دەیانەوێت لەو زیندانە دەریبێنن، بەڵام چۆن و بە چ شێوەیەك، لێرەدا بە وێنەیەکی فانتازیی (زین) پرچ و کەزی خۆی دەکاتە گوریس، بۆ ئەوەی لە ناوقەدی (کاکە مەم)ی بکەن پێی هەڵکێشنە سەرەوە.(( یایە زین دەڵێ

بەقوربنوو بم دامەمێنن،

جارێ کارێکی وا بکەن، کاکە مەمم بۆ دەرێنن!

ئینجا یایەزین کەزی خۆی بە عالْقە بە عالْقە کرد، ئاویتییە زیندانێ،

کاکەمەم ئاویتییە ئەستۆ و بنگڵی خۆی، دەستیان کرد بە هەڵکێشانێ...تاد)) ( ئۆسکارمان, ٢٠١٢: ١٤٦)

هەروەها دوای ئەوەی کە لە زیندان دەری دێنن، دەبێ شوێنێکی وای بۆ ئامادەبکرێت، کە هەوا و تیشکی خۆر زیانی پێنەگەیێنێت، ئەویش ئامادەکردنی خیوەتێکی دەگمەن و جوان و لە ئاوریشم و مەخمەڵ دروستکراو بێت، ئەوانەی کە هەڵیشی دەکێشن هەموو کچی جوان بن و تەمەنیان لە خوار بیست ساڵییدا بێت و ژمارەشیان چل کچ بێت، هەموو ئەمانە دەبنە هۆی ئەوەی کە دیمەن و وێنەیەکی قەشەنگی فانتازیی و رازاوە بێتە کایەوە. (( نجومدار هاتن، تەماشای نجومیان کرد و عیلمی وەستەلاب. پرسییان: چەند شەوە لەو زیندانە دایە؟ گوتیان چل شەوە. گوتیان: کارەکەی زۆر جێی مەترسییە، عیلمی وەستەلاب، وای دێنێ: چون ئەو پیاوە لەسەر خاتوزین دە زیندان خراوە، چل کچ لە جزیرێدا پەیداکەن، لە عومری خاتوزیندا، هەموو وەك نارنج، وەکو گۆ تازە بن مەمکی خڕ کردبێ، هەموو داو دەلینگ حاجی حوسێنی بێ...تاد)) ( قازی, ٢٠٠٩: ٨٣), هەروەك چۆن داستانەکە بە دیمەن و کەش و هەوای فانتازیی دەستی پێکرد بەهەمان شێوە بە کەش و هەوا و دیمەنێکی فانتازیی کۆتایی بە داستانەکە دێت، ئەو دیمەنەش بریتییە لە بە خاك سپاردنی هەردوو شەهیدی ئاشق (مەم و زین)، کاتێ گۆڕیان لە تەنیشت یەك بۆ لێدەدەن و بەخاکیان دەسپێرن، بەڵام (بەکر مەرگەوەڕ) هێشتا دڵی ئاوی نەخواردۆتەوە و لە دووزمانییەتی خۆی نەکەوتووە, بەمردوویش وازیان لێناهێنێ، ئەو کاتەی دەیانەوێت بڕۆن و بگەڕێنەوە بۆ شار، لە پڕ دیواری نێوان هەردوو گۆڕەکە لە ژێرەوەڕا هەرەس دێنێت و گۆڕەکان تێکەڵ دەبن، هەردوو ئاشقەکە لەو دنیا و لە ژێرخاك بە یەکتر دەگەن، جا کە( بەکر ) و خەڵکەکە چاویان بەو دیمە دەکەوێت، هەموو دەحەپەسێن و سەرسامی دەیانگرێت، بەڵام (بەکر) بە پلار و تانەوە روو لە (میر زەینەدین) دەکات و پێی دەڵێت خوشکە بێ ئابڕووەکەت لەو دنیاش دەست لە کارە ئابڕوو بەرەکانی هەڵناگرێت و خۆی گەیاندە لای (مەم) و لەوێ دەستی لەملی کرد، (میر زەینەدین)یش زۆر لەو قسەو کردەوەیە و کردەوەکانی پێشووی پڕ بوو بوو، بۆیە پەلاماری دەدات و بەخەنجەر لاشەی پیسی شەراری خوێن دەکات و لەخوێنی خۆی دەیگەوزێنێت، لەو کاتەدا پشکە خوێنێك دە پەڕێت و دەکەوێتە نێوان هەردوو گۆڕەکە، یەکسەر دەبێتە دارێکی ناشیرینی دڕکاوی، وەك بەربەستێك و ڕێگرێك لەنێوان گۆڕ و ماڵی هەردوو ئاشقە خێر لەخۆنەدیوەکان، بۆ ئەوەی نەتوانن لەو دنیاش بە ئاسودەیی بە یەکتری بگەن، لەو رۆژەوە هەموو ئەو بەربەستە نارەوایانەی دێنە ڕێی ئاشقان و دەبنە ڕێگر لە بەردەم بەیەکگەیشتنیاندا، ئەوا دەڵێن لێیان بۆتە دڕکی (مەم و زین)، دیارە ئەمە وێنەیەکی فانتازیی و خەیاڵییە و ناگونجێ لەواقیعدا شتی لەو چەشنە رووبدات.(( بەکر ئاغا دەڵێ:

میر ئەتو میرێکی ساحب خاتری!
لەهەموو کاران عەیب و عاران لەمن دەگری.
خوشکی قاعبەی تو لە قیامەتێش دەز لە خەلقی هەڵناگری
میر گوتی: هەموو کارێکی پێکردم، دەنجا بیکووژن! بەکر خۆی ئاویتە نێوانی قەبری کاکەمەم و یایەزینێ، خوێنی بەکری لەنێوانی قەبری کاکەمەمی و یایەزینێ کەوت، ئێستا بوو بەزی لەوێ شین بوو)) ( ئۆسکارمان, ٢٠١٢: ١٥٠)

لەداستاندا گرنگتریت و بەر چاو ترین توخم پاڵەوانە، کە هەموو توخمەکانی تر دەکەونە خزمەتی، بۆ ئەوەی گەشەبکات و بە پێی خواستی گێڕەرەوە بیگەیەنێتە کەشکەڵانی فەلەك و هیچ شتێ نەتوانێ دەست لەکاروبار و خواستەکانی وەربدات، چونکە پاڵەوان لە هەموو جۆرەکانی داستاندا دەبێتە ئەنجامدەر و بەدیهێنەری خواستەکانی گوێگر و گێڕەرەوە، هەر پاڵەوانە کە رووداوە گەورە و مێژووییەکانی نێو داستانەکانی خولقاندووە و وایکردووە، کە هەتا دنیا ماوە لە زەین و زاکیرەی نەتەوەکەیدا بمێنێتەوە، جا هەر لەبەر ئەوەشە کە لەنێو داستانەکاندا گرنگییەکی زۆر بە بنیاتی پاڵەوان دراوە، هەوڵدراوە هەر لەسەرەتاوە بیکاتە خاوەنی بنیاتێکی جادوویی و فانتازیی، بۆ ئەوەی ئەو بنیاتە بە شێوەیەکی گونجاو گەشە بکات، بڕوا بە گوێگر بهێنێت، کە لەداهاتوودا چی بەسەر دێت، ئەو بنیاتانەش بەهۆی کۆمەڵێك تەکنیکی بەهێز ئەنجامدەدرێت، یەکێك لەو تەکنیکانە فانتازیایە، بۆ نموونە، ئەگەر بگەڕێینەوە سەرداستانی ( چەتۆی کڕی فەرحۆ)، ئەو راستییەمان بەجوانی بۆ دەردەکەوێت، هەر لەو کاتەوەی، کە (چەتۆ) منداڵێکی بچووکە، باوکی (فەرحۆ) پێشبینی ئەوە دەکات، کە لەدوارۆژدا ( چەتۆ) دەتوانێت تۆڵەی ئەو زوڵم و زۆرانەی کە دەرهەقیان کراوە بکاتەوە، مافی خوراویان بۆ بگێڕێتەوە، ئەو ئومێدەش لەو کاتەدا دەردەکەوێت، کە باوکی ( چەتۆ) بە برازاکەی دەڵێت:

(( بەسەری مامت ئەگەر نەمرین، ئەو هەقە بە چەتۆی دەکرێتەوە، بەڵام با جارێ بمێنێ.
حەسۆ گوتی: هەیهو میران، هەتا ئەو وەختی ئەمن پیر دەبم تاقەتی شەڕە ڕمبێم نامێنێ !
کوا ئەمن دەمێنم هەتا ئەو رۆژەی چەتۆ لەبۆ من دەبێتە پیاو و شەڕە ڕمبێم بۆ دەکا ؟؟!!
فەرحۆ گوتی: نا کوڕم، سەبر بگرە، ئەگەر نەمرین، پێنج و دوو رۆژێکە )) ( موحەمەدئەمین, ٢٠٠٩: ١٠٩)

ئەوە ئاماژە و پێشبینییە، دیارە دەبێت ئامادەکاری بکرێت و ڕێخۆش بکرێت بۆ سەرهەڵدانی ئەو ئاماژە و پێشبینییە ، بۆیە هەر لەدوای ئەو دیمەنە، گێڕەرەوە دێت دیمەنێکی خەیاڵی و

فانتازیی دەخولقێنێت، کە سەلمێنەری قسەکانی (فەرحۆ)یە، کە( چەتۆ) لەدوارۆژدا دەبێتە پیاوێکی چاونەترس و قارەمان، ئەگەر کەسێك بەو منداڵییەوە ئەو غیرەت و چاونەترسی و هێزەی تێدا بێت، دەبێ کە بوو بە گەنج و کەسێکی کامڵ چی لێدروست ببێت، کەسێك بەو تەمەنە منداڵییەوە بتوانێ پشکۆیەکی ئاگر بە پەنجەکانی بگرێت و پێی شەرم و شوورەیی بێت دایبنێتەوە، لەبەرئەوەی باوکی سەرقاڵە، بەرامبەر دانیشتوانی مەجلیسەکە پشکۆی ئاگر لەنێو پەنجەکانیدا رادەگرێتەنێ و دەهێڵێتەوە، سەرەڕای ئەوەش ناوە ناوە فووی لێدەکات گەشی دەکاتەوە، کردەوەکەی دەبێتەمایەی سەرسوڕمان و تێڕامانی میوانانی مەجلیسەکە، بەجۆرێك سڵ لەوە بکەنەوە، کە رۆژێك لە رۆژان خەیاڵی ئەوە نەکەن و بیر لەوەنەکەنەوە، کە دەستدرێژی و غەدر لەو بنەماڵەیە بکەن، چونکە مایە پووچ و دەستبەتاڵ دەگەڕێنەوە، ئەوانە منداڵەکانیان بەمجۆرە بن دەبێ گەورە و لاوەکانیان چۆن بن.(( چەتۆ لە دڵی خۆیدا گوتی " بابی من بەمنی گوت: کە بە هەردووك قامکان وەك مقاشی پۆلووی هەڵگرە و بیهێنە ! بەڵام ئەمن حاڵی نەبووم. ئەوجار چەتۆ رایکردە قوڵکەی ئاگری و پۆلووێکی داربەڕووی لەنێو ئاگری دەرهێنا و بەنێوانی هەردوو قامکان هەڵیگرت و لەسەرنگاییە مەجلیسێدا پێداهات و هەرچی قەنەی حازر بوو بۆی داگیراند هەتا گەیشتە کن بابی ! بابیشی بە قەستی قامکێکی لە پشتی قەنەی دا و قەنەکەی وەرگێڕا و بانگی حەسۆی کرد و گوتی: ئەها حەسۆ، کوڕم چیلکەی لەبۆ مامی خۆت بێنە، بنی قەنەی پێدەکۆڵمەوە، قەنەم نەفەسی نادا !! حەسۆ رایکرد چیلکێکی لەبۆ هێنا. فەرحۆ بنی قەنەکەی پێ کۆڵییەوە و قەنەی خاوێن کردەوە و قەنێکی دیکەی تێکرد. چەتۆش هەموو جارێ کە دەهات پۆلووەکەی لە نێوانێ هەرتك قامکانی بکوژێتەوە، فووی لێدەکرد و گەشی دەکردەوە. جا ئەگەر فەرحۆ قەنەکەی تەواو کرد، گوتی: چەتۆ کوڕم پۆلووەکەی بێنە لەسەر قەنەی بابتی دابنێ. چەتۆش پۆلووەکەی بە هەردووك قامکان لەسەر قەنەی بابی دانا و گەڕایەوەو چوو لەپاش مەجلیسێ لەگەڵ نۆکەران دەستی بەقسە و گاڵتەو گەمان کرد و هیچ خۆی تێك نەدا و وەسەر خۆی نەهێنا...تاد)) (موحەمەدئەمین, ٢٠٠٩: ١١٠, ١١١)

گومانی تێدا نییە کە ئەو وێنەو دیمەنە، بەتەواوی دیمەنێکی فانتازییە، چونکە نەك منداڵێك هیچ گەورە و پاڵەوانێکیش ئەستەمە بتوانێ ئەم کارە بکات، بەڵام لەوێنەی فانتازیی و بەهۆی ئەو تەکنیکەوە داتوانرێ ئەو جۆرە جیهانە بخولقێندرێت، بنیاتی ئەو پاڵەوانە کە بەو شێوەیە لەسەرەتادا دامەزراوە، گەشەدەکات و لەدوارۆژدا ئەو پاڵەوانەی کە پێشبینی کرابوو دەردەچێت، کاتێ دەگاتە تەمەنی گەنجی و لاوی، پاڵەوانێکی وای لێدەردەچێت، کە هیچ

پاڵەوانێکی خاوەنئەزموون و بـەهێزی نـاودار نـەتوانێت شـان لـە شـانی بـدات و بەرامبـەری بوەستێت، ئەوەتا لە یەکێك لـە شـەڕ و رووبـەروو بوونەوەکانـدا ئـەم جـۆرە دیمەنـە فانتازییـە دەخولقێت و( چەتۆ) دەڵێت:

(( سبەینێ رۆژ وەبێ و دابکەومە گۆشەی مەیدانە

یەك دەبێتە بەرخ و یەکیش دەبێتەوە بەرانە،

دەکەین تەق و هۆڕی دەمانچانە،

بریقە بریقێ میسریانە،

کۆڕە کۆڕی محەمدەکانە،

زرینگ و هۆڕێ ئاوزەنگیانە،

لێخوڕینی عەگیدانە ،

عەرێڵێ ئەسپانە،

لێکدانی شیرانە،

تۆز بگرێ بەری عاسمانە...تاد)) (موحەمەدئەمین, ٢٠٠٩: ١٢٢)

بەم شـێوەیە پاڵـەوان دەبێتـە کەسـێکی شـارەزا و بـوێر و نـەترس بـەرەنگاری دوژمـەنکانی دەبێتەوە و هەرچی زوڵمێکی کە لە باوك باپیرەگەورەکانیشی کـراوە، بـەزیادەوە دەیسـەنێتەوە، دیارە ئەو بنیاتەش هەر تەنها بەهۆی بوێر و چاونەترسی نییە، بەڵکو لە رووی هێزی دەسـت و بازووشـەوە خـاوەنی بنیـاتێکی بـەهێزە و تـا ئاسـتێکی زۆر ئـەو هێـزە دەبێتـە مایـەی ئـەو سەرکەوتن و پاڵەوانێتییە، چونکە بەرامبەر کەسانێکی زۆر بەهێز و بەتوانا دەوەسـتێتەوە، کـە خاوەنی هێزی خەیاڵی و سیحرین، بۆ نموونە لە وێنەیەکی فانتازییدا باسـی پاڵـەوانێك دەکـات، کە ( چەتۆ) لەمەیدانی شەڕ دەیبەزێنێت و دەیکوژێت، کە خاوەنی ئەو جـۆرە هێزەیـە، ئـەویش (ئۆغز بەگ)ی گاوانە، کە بەمشێوەیە باسی لێوە دەکات:

(( تەماشای کرد لەعینێك ڕاکشایە،

جوانە ماینێکی لە قۆڵی خۆی گرێ داییە،

جوانە ماین دەهێنێ سەد لیرەی زێڕییە !

ڕمبێکی هەژە قەفی، حەڤدە گەوی، نەسیری، گورگانی،

لە پشت سەری خۆی چەقاندییە.

ئەگەر بە حەوت کەسان لە ڕمبێ ڕۆیەن،

پێیان هەڵناقەندرێ لە عەرزی خاراییە !

پێیان بڵند ناكرێ و پێیـان ناچـێتە سـەرخانی زینییـە !...تـاد)) (موحەمەدئـەمین, ٢٠٠٩: ١٤٩)

نەك هەر (ئۆغزبەگ), بەڵكو هـەموو ئـەو لەشـكرەی عێلەكەشـیان دەشـكێنێت كـە بـەهانای گاوانـەوە چـوون، دوای ئـەوەش دەس بەسـەر مـەڕ و ماڵاتەكەشـیان دادەگرێـت و بـەتاڵانی دەیانبات، ئەمەش جوانترین و تەواوترین وێنە و دیمەنێكی فانتازییە، كە نـەك تاقـە سـوارێك، بەڵكو بە لەشكرێكیش ئەو كارە ناكرێت، كە لەشـوێنێكی دوورەدەسـت و غـەریبیی، دوور لـە زێد و ناو چەكەی خۆی بە نەشارەزایی، بەرەنگاری ئـەو هـەموو لەشـكرە گەورەیـە و پاڵەوانـە بێوێنەیە ببێتەوە، لە كاتێكدا ئەوان لەناو ماڵ و زێدی خۆیانن و كون بە كون و بست بە بسـتی ناو چەكەیان شارەزان، دیارە ئەو جۆرە وێنـە و كارانـە تـەنها لـە جیهـانی فانتازییـدا شـیاو و جێگای باوەڕن، ئەگینا لە جیهانی واقیعییدا دەچێتە خانەی وەهم و خەیاڵ و گومانەوە.

ئەمجۆرە وێنەو دیمەنانە لە چەندین داستانی تری فۆلكلۆرییدا بەر چاو دەكەون، كە تاقە سـوار و پاڵـەوان، بەتـەنیا رووبـەرووی لەشـكری گـەورە و بێشـومار ببێتـەوە بەسـەریاندا زاڵ بێـت و بیانشكێنێت، بۆ نموونە، لە داستانی (دەروێشی عەبدی)دا، چەندین وێنەی لەم چەشـنە بەرچـاو دەكەون، كە دەروێش لە پێناو چاوی خۆشەویستەكەی(عەدلێ خان) چەندین دیمـەنی ئازایـەتی و دەگمەن تۆماردەكات، دەروێش كەسێكە هەرچی ترسە لە دڵـی ئـەودا نییـە، خـوا لـەو بابەتـە بەشی ئەوی نەداوە، بە پێچەوانەوە، هەرچی ورەو هێز و تواناو غیرەتی دنیـا هەیـە لـەنێو دڵ و جەستەی ئەودا كۆبۆتەوەو ئامادەیە، بۆیە هەر كاتێ (تەمەر پاشا)، داوای كـارێكی ئەسـتەم و مەترسیداری لێبكات، ئەو بێ بیركردنەوەو دوودڵی، دەڵێ بەسەر چاو، ئەوە بـە مـن گەیشـت , وابزانە ئەو كارە جێ بە جێ بـووە، ئـەوەش هـەمووی لـەپێناوی خۆشەویسـتی(عەدلێ خـان)دا بووە، دەروێش هەمیشە مەستی چاوەكانی یارەكەی بووە و هۆشی لای خـۆی نـەبووە، هـەموو شەڕ و رووبەروو بوونەوەكانیشی بەیادی ئەو ئەنجامداوە، كـە هـەر هـەموویان دەچـنە جیهـانی فانتازییەوە.

(( گەلی خانم و خاتوونێ گوندییە،
نازانم نە هەورە، نە بارانە، نە تاڵانە،
ئەوە تۆز گرتوویە بەری عاسمانە،
گەلی خانم و خاتوونان گاز دەكەن
ئەو نە تۆزە، نە بارانە، نە ئاخیر زەمانە،
ئەوە دەروێشی عەبدییە،

دێتەوە لە تاڵانیٚ ئەحمەدیان، باویلان و ڕەشکوتیانە.
دەیهێنێتەوە لەبۆ تەویلە و تەویلەخانی تەمر پاشی ملانە.
هەر لەبەر خاتریٚ چاویٚ عەدلەخانە)) (موحەمەدئەمین, ٢٠٠٩: ١٩٧)

بەمشێوەیە گرنگی و ڕۆڵی تەکنیکی فانتازیامان بۆ دەردەکەوێت لە بنیاتی توخمەکان و بنیاتی گشتی داستانە فۆلکلۆرییەکاندا, کە بووەتە مایەی دروستبوون و بەهێزی و پتەوی بنیات و گێڕانەوەیان لەلایەن گێڕەرەوەکانەوە.

## ئەنجام

لە ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوەیەدا گەیشتینە کۆمەڵێك ئەنجام, کە گرینگترینیان ئەمانەی خوارەوەن

١. تەکنیکەکان ئامراز و هۆکارێکی گرنگ و کاریگەرن و ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕن لە دەقە زارەکییە گێڕدراوەکاندا, لە بنیاتی هونەریی ئەو دەقانەدا بونەتەمایەی بنیاتێکی بەهێز و پتەو, لەنێو ئەو تەکنیکانەشدا, هەردوو تەکنیکی (خەون و فانتازیا) پشکێکی گەورەیان بەرکەوتووە.

٢. پاڵەوان لە توخمە هەرە گرنگەکانی داستانەکانە, بۆیە دەبێت بنیاتێکی بەهێزی هەبیٚ, ئەم دوو تەکنیکە بوونە بە بەشێکی گرنگی ئەو بنیاتە, هەر بۆیەش لەبنیاتی پاڵەوانەکاندا ڕۆڵێکی گەورەیان بینیوە, بۆ ئەوەی کەسێتییەکان ببنە خاوەنی بنیاتێکی بەهێز و شیاو, کە بتوانن ئەرکی نەخشە بۆکێشراوی خۆیان لەنێو دەقەکەدا بەرێوەبەرن و بەشێوەیەکی لۆژیکی توناکانیان پەرەبسێنن, بۆ ئەوەی توانای ڕووبەروو بوونەوە و بەرێوەبردنی ڕووداوەکانیان هەبێت.

٣. دەستانەکان بریتیین لە گێڕانەوەی ڕووداوێکی رابردووی سەرنجراکێش, کە بەهۆ کۆمەڵێك توخم و تەکنیکەوە بووەتە خاوەنی ئەو تایبەتمەندییە, هەردوو تەکنیکی(خەون و فانتازیا)ش, لەو تەکنیکانەن, کە لە بنیاتی ڕووداوەکاندا بەشدارییەکی کاریگەریان هەیە و بوونەتە مایەی دروستکردنی هەندیٚ ڕووداوی سەرەکی و لاوەکی, بەجۆرێك کە ئەو دووتەکنیکە لەسەرەتادا ببنە هەوێنی دروستبوونی ڕووداوەکان, دوای ئەوە لەگەشەکردن و ململانێی نێو ڕووداوەکان بەرەو پێشەوە تادەگەنە لوتکە, پاشان لە یەکلایی کردنەوە و کۆتایی ئەو ڕووداوانەدا, واتە لە بەرێوەچونی سەرتاپای ڕووداوەکاندا ڕۆڵیان بینیوە.

٤. لە بنیاتی شوێنەکانیشدا, زیاتر و بەرچاوتر ڕۆڵیان بینیوە, چونکە ئەو شوێنانەی بەهۆی ئەو دوو تەکنیکەوە دروسبوونە یان دەتوانرێت دروستبکرێن, بەهیچ شێوەیەك ناتوانرێت لەراستی و لەنێو جیهانی واقیعییدا و لە دەقێکی تەواو واقیعییدا بوونی هەبێت, بەجۆرێك

بەهۆی ئەو دوو تەکنیکەوە تـوانراوە هـەموو سـنوورەکانی کـات و شـوێن تێپـەڕێنرێت, دوورو نزیکی, شیاو نەشیاوی, لۆژیکی و نالۆژیکی و...هتـد, نەبنـە بەربەسـت و تەگـەرە لەبـەردەم دروستکردنی هەرجۆرە شوێنێکی کە گێڕەرەوە بیەوێت دروستی بکات.

٥. بەهۆی ئەو دوو تەکنیکەوە توانراوە خۆیان لە هـەموو جـۆرە لێپرسـینەوەو قەدەغـەکردن و هێڵەسورەکانی ئاینیی و یاسایی و کۆمەڵایەتی و رامیاری و...هتد, رزگار بکەن,

٦. بەشێوەیەکی گشتی (خەون و فانتازی) لە دروستکردنی کەشـی گشـتی دەقـەکان و بنیـاتی هونەریی گشتی دەقەکان رۆڵێکی گەورەیان بینیوە, جوانی و چێژ و پڕی و تـەواویان بەدەقـەکان بەخشیوە.

## سەرچاوە کوردییەکان

### کتێب


١. حەمە شەریف، ئازاد(د), ٢٠٠٩, محەمەد مەولود مەمی شاکار نووس،هەولێر, دەزگـای موکریان .

٢. بەحری، ئەحمەد, ٢٠١٣, گەنجی سەر بە مۆر، کۆکردنەوە، هەولێر، ئەکادیمیای کوردی.

٣. ئۆسکارمان، ٢٠١١, توحفەی مـوزەفـەرییـە، و.هـێمن موکریـانی، چ٣، هـەولێر, چـا. ئاراس.

٤. ئۆسکارمان، ٢٠١٢, توحفەی موزەفەرییە، و. عـەلـی نانـەوازادە، هـەولێر, چـا.حاجی هاشم .

٥. موحەمەدئەمین , زیاد ، ٢٠٠٩, جوانستان، سلێمانی, ئینستیتیوتی کەلەپوری کورد.

٦. موحەمەدئەمـین , زیـاد، ٢٠٠٨, مامـان بـرازا بـزر کـرد خـاڵان خـوارزا مـەزن کـرد، سلێمانی, ئینستیتیوتی کەلەپوری کورد.

٧. رەشید, سابیر، ٢٠٠٥, چیرۆکی کوردی، هەولێر, چا. رۆشنبیری.

٨. باپیر اغا, علی، ١٩٧٨, لیلی و مجنون، کەرکوك، چا. تجاریە .

٩. کمال اغا, علی, ١٩٥٧، خورشید خاور، کرکوك, چا. ترقی.

١٠. قازی, قادر فتاحی، ٢٠٠٩, سێ بەیتی فۆلکلۆریك، هەولێر, چا.ئاراس.

١١. قازی, قادر فەتاحی, ٢٠٠٧, گەنجینەی بەیتی کوردی، هەولێر، چا. ئاراس.

١٢. عصری, محمدامین، ١٩٩٩, شیرین و فەرهاد، بغداد, **دار المثني للطباعة والنشر.**

١٣. گۆران, یاسین, ٢٠١١, پێنج داستانی کوردی، هەولێر, بەرێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر.


### گۆڤارەکان


١٤. کارێزی, تاریق، ٢٠٠٠, نموونەیەك لە درامای چیرۆکی فۆلکلـۆری کـوردی، گۆڤـاری ئاسۆی فۆلکلۆر، ژمارە(١).

١٥. جەوهەر, حەیدەر، ٢٠٠٦, شوێن لە دوو حەکایەتی میللی کوردیدا، گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر، ژمارە(٢٣).
١٦. دەشتی, عوسمان حمد خضر(د) و ئیسماعیل, زاهیر، ٢٠١٥, ڕۆڵی گروپی (وێران) لە شیعری نوێخوازی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە(٣٥).
١٧. حەسەن, غازی ، ١٩٩٨, فۆلکلۆر و سەرهەڵدانی ڕاگەیاندن، گۆڤاری رامان، ژمارە (٢٧).
١٨. تاتانی, محمد امین عبدالله(د)، ٢٠١٥, فانتازیا لە ڕۆمانی(غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ)ی بەختیار عەلیدا، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە(٣٥).

**نامەی ئەکادیمی**

١٩. موحسین, کارزان، ٢٠٠٦, سیما تازەکانی ڕۆمانی کوردی لەنێوان ساڵانی ١٩٩١-٢٠٠٠، ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین, کۆلێژی زمان.

**سەرچاوە عەرەبییەکان**

٢٠. حليفي, شعيب(د), ٢٠٠٦, الرحلة في الادب العربي, رؤية للنشر والتوزيع.
٢١. أرون, پول وأخرون, ٢٠١٢, معجم المصطلحات الادبية، ت. د. محمد محمود، بيروت, مجد المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع.

**ئەنتەرنێت**

٢٢. قزع, هدى, ٢٠١٢, الاحلام والرؤى في الادب العربي والآداب العالمية http://hopestar.forumotion.cc/t3458-topic.
٢٣. الجابري , فوزية, الرؤيا في ملحمة كلكاميش. http://www.mesopot.com/old/adad7/11.htm
٢٤. ويكيبيديا, ٢٠١٥. https://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%AD%D9%84%D9%85

## ملخص البحث

في هذ البحث تمت دراسة (الحلم والفنطازيا), وقد استعانت الدراسات الفولكلورية الكوردية في اثناء سرد موضوعاتها بهاتين التقنيتين, اذ قلما نرى خلو الملحمة الفولكلورية من التقنيتين, لا بل يستصعب ذلك لأن الكاتب لايستطيع الابتعاد من التقنيتين في بناء العناصر والهروب منها.

قام الباحث بتأطير هذه الدراسة وتحديدها , اذ اتجه صوب دراسة الملاحم الفولكلورية الكوردية, من دون ملاحم الأدبية المكتوبة.

يحتضن البحث المقدمة والنتائج والمصادر والمراجع والموضوعات, وفي الموضوعات اتجه الباحث نحو اتجاهين, في الاتجاه الأول تن

اول تقنية ( الحلم ), فبعد مقدمة نظرية تحدث الباحث بصورة التطبيقية عن الوضوع, فحاول تحليل بعض النماذج المتعلقة بالملامح الفولكلورية. أما الاتجاه الثاني فقد خصص للحديث عن تحليل تقنية الفنطازيا على منوال الاتجاه الأول.

**وفي الختام أتى الباحث على النتائج التي توصل اليها في أثناء هذه الدراسة مع قائمة قيمة من المصادر والمراجع والملخص باللغة العربية واللغة الانكليزية.**


## Abstract

In this research we talked and searched about (dream and fantasy) techniques, because in Kurdish folkloric epics they used this two techniques too much, so we see that there are few folkloric epics that this two techniques doesn't used in it even we can say a folkloric epic without using this two techniques in it doesn't exist, because this two techniques are the main thing that building element and technique depends on . in the research we limited what we will talk about and we will talk only about Kurdish folkloric epics and we will not talk about written literary epics.

The research contain an introduction , result , resources and the main idea of the subject,

The main idea of the subjects consists of two parts . in the first part it talked about (dream) technique , after theoretical introduction we came to the practical , by taking examples in the kurdish folkloric epics and explaining them.

The second part is for talking and explaining the fantasy technique as the same way of the first part.

And in the conclusion we get the result of this research which is written with resources list.